گەشتی ژیانم

● مەسعوود محەمەد ●

ئالقەی سێیەم
«ساواییم»

لە لایەن تەنسازییەوە، ساواییم بە سەلامەتی تێپەڕیوە. جگە لە سووریژە (کۆیی پێی دەڵێن سۆرکە) دەردی ئەوتۆم نەدیتووە مەترسی لێ بکرێ. سووریژەش بە مل هەموو کەسیکەوە هەیە.

وورده نەساغی وەکوو تاو چاوکولی بۆ ئەو دەمانەی بەر لە 60 ساڵ پتر دەفتەری بۆ ناگیرێتەوە، بەڵام من لەو کەسانەم کە دەردو ئازار زۆریان تین بۆ دەهێنن. جاران حەکیمان دەیانگوت ئەوەی میزاجی (بەڵغەمی Phlegmatic) بێ هەستی بە ئازار کەمترە لەوەی میزاجی (هەوایی) بێ. وابزانم هەوایی لە زاراوەی ئەم ڕۆژانەدا پێی دەڵێن (Sympathetic) ئەگەر وەهاش نەبێ و زاراوەی دیکەی بۆ داندرابێ فەرق بە باری تەنسازی من ناکات: وشەیەکە منی تێدا بەسەهوو چووم، لەشم سەهووی پێوە ناکات، بەهەمە حاڵ چەندی شوێنێکم بریندار بوو بێ درێژی کێشاوە لەچاو برینی هاوڕێکانم. تا ئێستاکەش شوێنی ئاودز بوونی پشت نینۆکی پەنجەی ناوەنجی‌ی دەستی ڕاستەم بە چاو فەرقی پێ دەکرێ، ئاو دزیەکەش بە برینێکی زیدە بچووکی دڕۆیك بوو بە حاڵ فەرقی پێ دەکرا لەبن پێستی پشت ئەو نینۆکەم بەڵام خۆ نەپاراستنم لە ئاوی حەوزی بن سوولی پاشا لە چنارۆك تەشەنەی بە برینەکەم کرد، خەلقی دیکەش وەکوو من برینیان تێ دەکەوت و بەئاوی سوولی پاشا تەڕیان دەکردو چشیان لێ بەسەر نەدەهات. ئەو ئاوە مەشوورە بۆ خراپە، بەڵام با چاکەشی باس بکەم: لە هەموو ئاوەکانی هۆبەی مەلازادان لە چنارۆك سازگار ترە بۆ چێشتی برنج. دیارە مادەیەکی تێدایە ئەو کارەی پێوە بێ.

لەلایەن هەست و هۆشەوە، وەك بۆیان دەگێڕامەوەو خۆیشم بە بیرم دەهاتەوە، بە پێش تەمەنی خۆم دەکەوتمەوە. باوکم لە ڕادەبەدەر دڵی پێم خۆش بوو، چاوەنۆڕی‌ی کرداری لە باری لێ دەکردم. بۆ باوکێکی کوڕەکەی خۆش بوێت و بەتەمای زەکاوەتی

بێت، جێگەی دڵ ئارامییە بۆی کە ڕۆڵەکەی بەبەریەوە هەبێ ئەوەی لێوە بگوترێ کە باوکم لەم بەیتەدا بۆ منی ڕەوا دیتووە:

بە ئومێدم لە لطفی (لم یزلی)
بیبە نائب منابی کاکی جەلی

وەها بووە لە مەجلیسی خۆی، کە جارێ تەمەنم 4 ـ 5 ساڵێ بوو، قسەی مەیلەو کاملامەی لێ گێرامەتەوە. لەسەر شکێن کردنی ئەو کەسانەی بە خورافات هەڵدەخەڵەتێن قسەیەکی منی باس کردبوو بۆ ئاپۆرەی گوێ گرانی وەعزی ئێوارەیەك لە ئێوارانی ڕەمەزانی ئەو تەمەنەم: گوێ بیست بوویووم، گۆیا کەری دەجاڵ جێگەی حەفتا هەزار جوولەکەی لە سێبەری یەك گوێچکەیدا دەبێتەوە:

منیش گوتبووم کۆلانەی کوێی تەسکن ئەو کەرەیان پێدا نایەت لێی مەترسن، باوکیشم قسەکەی لە وەعزدا کردبوو بە شایەد بۆ زێدە گومڕایی و گەمژەلێیی کەسێکی دروێەك بسەلمێنێ کە هۆشی ساوایەك پێی ڕازی نەبێ.

لەو تەمەنەی منداڵیمدا وەکوو هەموو منداڵێك، یەکجار حەزم دەکرد شەوانە گوێ لە سەرگورشتەی جۆرا جۆر بگرم، بەلام لە زۆر زووەوە دەمزانی هەمووی درۆن هەرچەند حەزیشم دەکرد ڕاست بانایە. پاڵەوانەکانی ناو ئەفسانانم خۆش دەویستن بەلام خەفەتم لەوەدا دەخوارد کە هەڵبەستراون. بە نموونە جارێ لە تەمەنی پێش چوونە مەکتەبم بووم سبەینەیەکی زستان، بەر لە ڕۆژهەلات، لە نزیك موغەیری ژوورەکەی باوکم دانیشتبووم وفکرم لە حیکایەتێکی شەوی ڕابووردوو دەکردەوەو دەمگوت: من هەر خۆمم، پشیلەکەم هەر پشیلەیە، موغەیری هەر موغەیرییە... باوکم دوای نوێژی سبەینە چووبۆوە ناو نوێنەکەی وگوێی لەو گروگاڵەم بوو، لە دایکمی پرسی بەمسعوود بۆچی وەها دەدوێ؟

دایکم بزەیەکی هاتێ و گوتی، شەوێ لە حیکایەتی سیحرباز گوێی لێ بوو کە جارێکیان بوو بە هەنارو خۆی بە دیواردا داو دەنکەکانی پەرت بوون ئافرەتە دل پاکەکەش بوو بە مریشك و دەنکەکانی هەڵگرتنەوەو خواردنێ. ئەویان بوو بە ئاگر ئەمیان بوو بە ئاو بی‌کوژێنێتەوە، دیارە حیکایەتەکەی بە بیر هاتۆتەوەو باوەری پێ نەهێناوە. باوکم وەها گەشاوە باس ناکرێ.

لەو بابەتەی باوەر نەهێنانم بە قسەی نادروست، نەجیبەی خوشکە گەورەم تا ئێستاش لە موناسەبەدا دەگێڕێتەوە چۆن کە منداڵ بووین، بەشەو پاش ماوەی جەژنانەیان لە باغەڵەکانمان دەردەهێناو خەڵوزیان لە شوێندا دادەنا، سبەینێ پێیان دەگوتین پارەکە بۆتە خەڵووز، تەنها من بەو قسەیە ڕازی نەدەبووم.

بە بیرم دێتەوە، یەکجار منداڵ بووم، جارێکیان حەفت ڕوپیەی جەژنانەم لە کونی کلیلەوە خستە ناو کێلوونی دەرگەی ژوورێکی نابەرچاوی ماڵەکەمان [ڕوپیەی ئەوسا پتر بوو لە ڕۆژانەی دەر ڕۆژی کرێکارێك]. چەندێکی گەڕان بە دوا ئەو پارەیەدا نەیاندۆزیەوە منیش پێم نەگوتن چیم لێ کردووە. وابزانم ئەو کارەم تاکتیکێکی سافیلکانەی هۆشی منداڵیم بوو بەرانبەر فروفێڵی (پارەکەت بوو بە خەڵوز). چەند مانگێکی پێ چوو، جارێکیان بە ڕێکەوت لە کردنەوەی دەرگەی ئەو ژوورەدا کە کلیلیان لە کێلونەکەی بادا زرینگەی ڕوپیەکان هات، ئیتر بزماری کەیان کێلونەکەیان کێشاوەو پارەکەیان لێ دەرهێناوە.

چاك بوو پارەکە هەر بە پاشماوەی جەژنانە حیساب کراو بوو بەهی یا عصمەتی دایانم.

لە نموونەی (بەپێش تەمەن کەوتنەوە) ڕووداوی تەمەنێکی ساواتری خۆمم بە بیر دێتەوە، بەلام ئەگەر دواتر بە گێڕانەوە لە مێشکم چەسب نەبوویایە لەوانە نەبوو فکرم بۆی بچێتەوە: شەوێکیان لە شەوانی زستان مەجلیسی باوکم قەڵەباڵغ بوو بە ئەهلی گەرەك و بە دەستەو دایەرەی جەمیل ئاغای حەوێزی کە ئەوسا قایمقامی کۆیەو لە پیاوە هەرە بەرچاوەکانی بوو. یەکێك لە وانەی خزمەتی باوکمیان دەکرد منی لە باوەش کردو بردمی بۆ مەجلیسەکە: ئەوسا من پێ‌ڕەوکە بووم. کە کابرا بردمیە ژوورەوە، هەر لە دەرگە ئاودیوی مەجلیسەکە بووم دەستی ڕاستم بۆلای لاجانگم بردو بەزمانی ساوایانەم سەلامم کردو

گوتم (سەلا عەکوم). ئەو خەڵقە تێکرایان بۆم بەرز بوونەوەو جەوابی سەلامیان داوە. باوکم وەری گرتم و لە تەنیشت خۆیەوە بەلای جەمیل ئاغاوەی دانام، لەوە بەولاوە چی دیکەی ئەو شەوەم بە بیردا نایەتەوە. دواتر کە هۆشم بە شتان شکا فکرم لەوە دەکردەوە، چۆناوچۆنی ڕاست بوونەوەی ئەو هەموو خەڵقە بەو دەنگە بوورە هەنگییەی یەك نەوای سەلام دانەوەیانەوە نەی شڵەژاندم:

لەبەر چاو ساوای ئەو دەمەدا قەڵەبالغی ی ژوورەکە وەك دارستانی چڕ بوو. بەڵێ دەزانم ماڵمان هەمیشە قەڵەبالغی و هاموشۆکەری پێوە دیار بوو، ئەمەیش تا ڕادەیەك ڕای هێنابووم بە دیتنی ئاپۆرەی خەلق، بەلام باری ئەو دەمەی کە سەلامەکەم کردو بۆم ڕاست بوونەوە وەك باری کەسێك دێتە بەر چاوم کە یەکەم جار لە سەرشانۆ بەرامبەر ئاپۆرەو جەماوەر ڕادەوە ستێ لەگەڵ تێبینی ئەوەدا کە من پێشتر بەتەما نەبووم بچمە سەر شانۆ، ئەو تەمەنەشم نەبوو لە هەڵکەوتی ناکاودا وەکازی ئیرادەو خۆگیریم ڕاست ڕابگرێ.

لە بەراووردا هەڵکەوتێکی دیکە باس دەکەم مەبەستی پتر بێ ڕوون دەبێتەوە لە نەشڵەژانی ئەو دەمە گشتەی ساواییمدا: سێ چوار ساڵێك دواتر کە چووبوومە پۆلی یەکەمی قوتابخانەی سەرەتایی، ڕۆژێکیان ریزیان بە هەموو قوتابیان بەست لە هەیوانە دوورو درێژەکەی نهۆمی خوارەوەی قوتابخانەکە بێ ئەوەی بزاندرێ مەبەست لەو ریز بەستنەدا چییە. لە نکاو مدیری مەکتەب کە لەگەڵ مامۆستاکان لە شوێنێکی دیارو بەرچاو وەستابوون، بەدەنگی بڵند ناوی منی هێنا کە بچم بۆ لای. زۆر باش لە بیرمە، ئاوازی ئەو بانگ هێشتنە لەبەر گوێم شیرن نەبوو هەرچەند نەشم دەزانی لەبەرچی، چونکە لەو دەمەدا بەرواڵەت هیچم شك نە دەبرد لێی بسڵەمێمەوە. لە هەوەڵەوە نەبزووتم هەتا جاری دووەم مدیر بە دەنگێکی نەرم و خۆشەویستانەو بە دەستیش بانگ هێشتنی کردم بچمە لای. شوێنی ڕاوەستانی مدیر لێمەوە نزیك بوو منیش لەو قەڵەبالغیەدا کە هەموو چاوێك تەماشای منی دەکرد بە دوو دڵیەوە هەنگاوی نارەزامەندیم بەرەو مدیر هەڵێنا تا گەییشتمە بەر دەمی، ئەوسا کارتێکی چاپ کراوی (ئافەرین) لێ نووسراوی بەرز کردەوەو لەگەڵ هەڵدانەوەیەکی دڵسۆزانەی ڕەووشت و زەکاو نازانم چیم کارتەکەی دامێ و خۆی مامۆستاکان، لەگەڵ ئەوانیدا هەموو قوتابی وفەراش و ئەوەی ڕاوەستابوون کەوتنە چەپڵە ڕێزانێکی گەرم و گوڕ تا گەرامەوە شوێنی خۆم.

زۆر چاك لە بیرمە ئەو چەپڵە ڕێزانە گەلێك پتر بەرەو شکۆ لێ نیشتن و نائارامییەوەی بردم لەچاو دەمی جەواب دانەوەکەی (سەلاعەکوم)ی ساواییم، تەنانەت نەچوومەوە باری ئاساییم هەتا بە پەلە گەییشتمەوە شوێنی خۆم لە لایزی قوتابیانی پۆلەکەم و لە زەقوزۆیی ی هەڵوەستە مەسرەحیەکەم ڕزگار بووم.

ئەو ئافەرینە هەر وا دەزانم بە من درا، نەبیستوومە پێشتر بەکەس درابێ، دواتریش کەسی دیکە وەری نەگرت، بێگومان لەوەدا حورمەتی باوکم دەخلی هەبوو بەلام دەبێ خۆیشم شتێکم بۆ ڕەچاو کرابێ دەنا ئەگەر هەر خاترانەی باوکیان لەو پاداشەدا تێخوێندبایەوە دەبوو پاداش بە کوری جەمیل ئاغای قایمقامیش بدرێ. بەهەمە حاڵ ئەو ڕۆژە من لە تەمەندا بچووکترینی قوتابی مەکتەب بووم و بەو ئافەرینەش بەرچاوترینیان بووم.

لەو ڕووداوانەی دەیانگێرایەوە، کە جارێ لە هەموو شتێکدا من تەمەنی بیرهاتنەوەم نەبووە، جارێکیان لە هاویندا کەریمی فەتاح بەگ بەخۆیو نەوە دسواری چەکدارەوە دێتە چنارۆك. ماڵی ئێمەو ماڵی مامم لەگەڵ خزمانی خاوەن ڕەزو باغ بەخێریان دەهێنن خزمەتێکی باشیان دەکەن. باوکم و مامم و (مەلا عزت کوری مەلا حەبیب)یش کە پیاوێکی بەرچاوی جەلیزادان بوو هیچ کامێکیان لە چنارۆك نابن. کەریم بەگ لە حکومەت قاچاغ بووە هەر ڕۆژە لە جێگایەك و هەر شەوە لە نوایەك بەسەری بردووە، تەیارەی ئینگلیزیش بە دوای دا دەگەڕا.

ترسی تەیارە وەهای دەکرد کە دەبوو کەریم بەگ سبەینان بەر لە بەخۆکەوتنی تەیارە بۆ سۆراغ کردنی بگاتە حەشارگە، ئیوارانیش دوای بەسەرچوونی وەختی فڕینی تەیارە بەرێ

بکەوێ. ئەو ڕۆژە لە چناروك بەر لەهەموو شتێك ولاغەکانیان لە نێـو چۆم و نغـوردی درەختـدا شاردنـەوە نەکـا تەیـارە بیـانبینێ، لەوەشدا بەسەهوو نەچووبوون چونکە لەو ڕۆژەدا چەند جارێك تەیــارە بەســەر ئەو ناوەدا تێپــەڕی بوو دیــارە لە کەریم بەگ و سوارەکـانی دەگـەڕا. وەك دەیـانگێـڕایـەوە کەریم بەگ ڕەفتـاری مەردانەو حەیاکارانە بووە. نەیهێشتووە بەردەستەکانی پرکێشی لە کەس بکەن، هەرکە دەگاتە شوێنی لێ‌حەسانەوەی بن سوولی پاشـاو ولاغـەکـان حەشـار دەدەن بە خەڵقـەکـە دەڵێ، من کۆنە مریـدی شێـخ کەریمی[1] بەرزنجیم (کـە تەکیەی لە کۆیە بوو، بەر لە 20 ساڵێـك وەفـاتی کردبـوو). خەڵقــەکـە پێی دەڵێن فاتمـەخـانی خێـزانی شێـخ نووری نەوەی شێخ کەریمەو ئیستا مێواندارێت دەکا لەم چناروکە. فەتاح بەگ کە ئەمە دەزانێ پتر دەکەوێتە حورمەتکاری‌و سلاو بۆ فاتمە خان (مامۆژنم) دەنێرێ. وەك دەگێرنەوە منیان بە باوەش بۆ لای برد بوو، گویا لە جیاتی باوکم بەخێرهاتنی دەکەم (هیچم لەوە بەبیر نایەت) بەڵام کاك مەجیــدی مامــە نوورەددین کە ئەوسـا مێـرد منـداڵـە بووە لای دادەنیشێت وهــەمــوو حورمــەتێکی لێ دەبینێت. وەهـا ڕێـك دەکــەوێ لە شوێنێکـەوە چەنـد ولاغێکی دۆست و ناسیـاوان بە بارەوە دەگــەنــە ماڵی مامم. چەنــد پیـاوێکی کەریم بەگ ئەو ولاغانە دەردەست دەکەن بە نیازی ئەوەی کاتێك بەرێ بکەون کەلوپەلی خۆیانیان بار بکەن. کەریم بەگ بەمە نازانێ.

پاش عەصر کە خەریکی ڕۆیشتن دەبن ماڵاوایی لە مامۆژنم دەکــات و تەوازوعـی بۆ دەنــوێنــێ، ئەویش پێی دەڵێتــەوە کە جەنــابت وەهــا ڕادەنــوێنی مریــدی باپیــرم بیت ئەدی بۆچی پیاوەکانت جەردەییمان لێ دەکەن؟ ئنجا کەریم بەگ حیکایەتی ئەو ولاغــاتــە دەبیسێت و بەتـونـدی لەو کەسـانـە قەڵس دەبێ کە دەستدرێژ یان کردبوو.

دوای عوزر خوازیـــەکی پیـاوانـە ولاغـەکـان دەگێـڕێتـەوە بۆ خاوەنـەکـانیـان، ئیتـر ملی ڕێگە دەگرن لە بناری شاخەوە بەرەو لای هەیبەت سوڵتان کە لەوێوە بۆ دیوی دەشتی کۆیێ ئاوا ببن و بچن لە قەیاغی دوکان بۆ بەری سلێمانی بپەڕنەوە. ئەم ڕوودوا‌وە لە هاوینی 1923 بووە.

لە نێـو تەمـومـژی بیـری منـداڵیم، وێنـەی کەسان و شتان و شوێنان زۆلا جودا خۆیان دەنوێنن لە وێنەی دواتریان کە دەهاتە بەر هۆشی تەمەنی هەڵکشاوترم. هەروەی دیمەنی چەشمەندازی چنــاروك کە لە تەختــەی فامــدا نەخش بەستـوو بووە وەهـام دەهێنێتەوە یاد کە ئەو شوێنانەی لە ماڵمانەوە نزیکن ئەوسا دوورتر خۆیـان نوانـدووە، شاخـە دوورەکانیش چ حیسابێکی تایبەتی‌ی دووری ونــزیکیم بۆ نەکـــردوون. وا پێ دەچێ لەو تەمـــەنـــەدا دووری‌و نزیکی هەر لەو مەودایــانــەدا حیــسابیــان بۆ کرابێ کە بەلای فکـری ساوایمیـەوە خەڵقیـان دەگاتێ‌و لێی دێنەوە. ڕەنگە هەروەك ئاسمــان بەولای عەیـارەی دووری‌و نزیکییەوەبەو شتێکە بەر پێـوانـەو کێشـانـە ناکـەوێ، هەروەهـاش شاخەکانی پژدەرو قەنــدیــل و هۆوێ‌و هۆوێنــدەرێ لەبـەر چاوی تەمـەنی 3 ـ 4 ساڵیمدا نە دوور بوو بن نە نزیك. نەك هەر ئەمەندەو بەس: بە چاکی دێتـەوە یادم، دیمـەنی گشتی‌ی ئەو دنیـایـە لەبـەریەکری کێشرایەوەی بێ‌سنوور کە دەهاتە بەر چەشمەندازی چناروك بۆم نەدەبـوو دیمـەنێکی سەرانسـەری بەسـەریـەکـەوەی یەك پارچەی بێ‌بــرگــەی بێ‌جمگــە، بە پێچـەوانـەوە تا ڕادەیـەك لە تابلۆی سوریـالیستی دەکـرد کەوا هەر شوێنـەی وجودێکی سەربە خۆی هەیـە، تا لەهــەمـوو تابلۆکـە نەگـەیت لە تاك تاکی وێنەی ئێرەو ئەوێ ناگەیت بایی ئەوەی مەفهومێکی گشتی‌ی تابلۆکەت بۆ روون بکاتەوە.

لەمـەش پتـر بینینی ئەنتیکـەی تەمـەنی ساوایی خۆمم دێتەوە یاد: دیمەنی هەندێ شوێنی ئەوتۆ کە بەزۆری لە دەوروبەری نزیکمـدا بە سەریـانـدا دەکـەوتم خۆی دەسـەپـانـد بەسـەر ئەو شوێنانەی کە لە نەدیودان وەیا نەدەهاتە بەر زەینم، ئیتر کە دواتر بیرم بۆیان دەچوو وام دەزانی گەلێك شوێنی ئەم جیهانە بریتین لە درێژەکێشانی شوێنە بەرچاوو ئاشناکان. ئەم (چاو ئاڵۆزی ـ یان زەین ئاڵۆزی) یەم لە چناروك بۆ دەرەخسا کە چەشمەندازی بەرەو پێشـەوە بەرەو ڕاستـەو بەرەو چەپـە دووری دەخـوێنـدەوەو، هەرچی دیمـــەنی شار بو خێـرا بە خێـرا دەخـزایـە ناو قەپێلکو

بەرتەسکی چوار دیواری حەوشەو سەربان و کۆڵانە، مەتەڵی دووری‌و نزیکی لێ پەیدا نە دەبوو. من نازانم منداڵی دیکەی وەکوو خۆم چ خەیاڵی وەهایان بە دڵدا هاتووە لە نموونەی ئەوەی ئێرەدا باسی دەکەم یان، چونکە هەرگیز پرسیاری ئەوتۆیم لە هیچ هاورێیەکم نەکردووە، رەنگە بوو ئەگەر پرسیش بکەم وەڵام وەرنەگرمەوە، یەکەم جاریشەوا لەم نووسینەدا باسی ورێنەی (چاو سوورکێ؟)ی منداڵیم دەکەم، پێشتر ئەم گرێیانەم بۆ کەس نەکردۆتەوە.

هەر لە بیرمە ساڵێکیان، کە جارێ زۆر منداڵ بووم، دوای بەسەر چوونی کژی هاوین ماڵمان لە چنارۆکەوە گەڕایەوە بۆ کۆیێ، وێنەی پچڕ پچڕم لە چنارۆك یاد دەکردەوە.

وام دەهاتەوە بیر کە خۆڵەپۆتەی لاپاڵی رۆژاوای ئەو گردەی کە پیرەکانی هۆبەی گەڕەکە ماڵی مەلازادانی بەسەرەوە بوو، تا ئەو خۆڵەپۆتەیە بەهەموو لایەکی گردەکەدا تا دامەنی دەکشاو کەسێکی بیەوێ دەتوانێ بە ئارەزوی خۆی (خۆڵە خلیسکێ ـ خشخشۆکێ)ی لێ بکات. کە هاوینی دواتر چووینەوە چنارۆك خۆڵە پۆتەکەم نەدیت تومەز جارێ خاکەکە رین هاتوچۆو پێخوستی لێ نەکرابوو. بەرە بەرە خۆڵەپۆت پەیدا بوو بەڵام لە رووپێوێکی بەرتەسکدا کە صەدیەکی ئەو مەودایەشی تێ نەدەبوو من بە تەمای بووم. ئەو هاوینەیان لەوەندە وەستام کە خۆڵەپۆتی ساڵی پێشوو دەرنەکەوت بەڵام ساڵەو ساڵ بەهۆی دەرنەکەوتنەوەی خۆڵەپۆتە ئیقلیمگیرەکە بۆم روون بۆوە کە من کاتی خۆی لەبەر منداڵیم وکەم فامیم بە سەهوودا چوو بووم، زۆریشی برد تا سەهووی منداڵی لەو تەرزە بارانەدا بۆم بێتە ئەنجامێکی ئاسایی نەك رێکەوت لە زەینی ساوادا لەو رووەوە کە خەریك بوونی مێشکی ساوا بە دیمەنی نزیکەوە بەبەریەوە هەیە لە دیمەنەکە زیادٌ بکات وبەسەریەوە بنێ تومەز عەیارەی پێوانەی زەینەکە بچووکە، وەك ئەوەی کە قوماش بە میلیمەتر بپێوێت درەنگ لێی دەبێتەوەو لە قیاسدا قوماشەکە درێژ تر خۆ دەنوێنێ لە حەقیقەتی خۆی.

بەداخەوە لە صەدی نەوەدی خەیاڵ و خوولیاو لێکدانەوەی منداڵی دەسڕێتەوەو لە بیر دەچێتەوە چونکە ئیمکان نییە تۆمار بکرێ. کە مرۆڤ دەشگاتە تەمەنی هۆش کرانەوەو دەسەڵاتی نووسین لە صەدە هەزاری یەکێکی ئەرکی تۆمار کردنی خەیاڵاتی کۆن و هی دەمی نووسینەکەی بە ئەستۆوە ناگرێ هەر نەبێ لەبەر ئەوەی کە بایەخی پێ نادات و بەمانەدووبوونێکی بێ سوودی دادەنێت کەچی بەعەکسەوە، نەقش بەستوو کردنی خوولیای هەر تەمەنێك بێ وەك تاشینی پەیکەرە کە بوونەوەرێك نەمر دەکات.

ئێمە بە تێکڕایی کوری دوێنێ‌و پارو ئەوەندە ساڵەی رابوردووین نەك لەبەر ئەوەی کە بە عەزم و ئیرادەی خۆ بەبیر هاتنەوە رچەی رەوتمان لە رۆژگار بەستووەو بە ئاوڕدانەوە وێنە خۆمان لەهەموو قۆناغە بە سەرچووەکانماندا دەبینین، تەنانەت من خۆم ئەوەندە فۆتۆغرافەشم نەکێشاوە بە شێوەیەکی رێك دەساڵ دەساڵی تەمەنم بنوێنن: ئێمە لە رابوردوومان ئەو دیمەنانەمان بە بیردا دێتەوە کە بەخێری خۆیان و رێکەوت نەسڕاونەتەوە. چەند حەزم دەکرد لەم تابلۆیەی بیرەوەری ساواییمدا، وەکوو وێنەگر هەموو تابلۆکەم بە بیرهاتنەوەی سەر لەبەر رەنگاوی بکردایە نەك وەکوو تاك تاکە رایەڵی جاڵجاڵۆکە وێنەی پچڕ پچڕ ژیانم بە خستنە بەر تیشکی لێوردبوونەوە نەختێك گەش بێتەوە. بەهەمە حاڵ خوێنەر دەبێ لەگەڵمدا باڵ قۆڵ بێت و ئەرکی لێبیستنم هەڵبگرێت، خۆ ئەوەی راستی بێ کردنەوەی رووپەڕەی ژیانی هەر کەسێك بێت بەرو بەرهەمی لەوە تێپەر ناکات کە بخوێندرێتەوەو ببیسترێت: نە خۆراك نەپۆشاك نەنوای حەوانەوە نە سامان و دارایی نە زانینی زانستی‌و ئەدەبی‌و هونەری، هیچیان لەو سەرگورشتەیەی گەشتی ژیانەوە بەسەر کەسدا نابارێ تەنانەت بە تەمانیم، هەتا بۆم بکرێ، پەندو ئامۆژگاریش لە پەنا بیرەوەریدا بە خوێنەر بفرۆشم. بەڵام ئا لێرەدا خەبەرێکی میراتی خانەوادەیی خوی رەپێش دەکات پێوەندی بە بیرهاتنەوەی تەمەنی ساواییەوە هەیە، نەختێکیش پەندا مێژە:

باپیری باپیرم، مەلا عەبدوڵلای (واثق بالله) کوری مەلا عەبدوررەحمانی کاکی جەلی سێ حاڵەتی شیرەخۆری خوی

بیرهاتوٙتەوە کە پێوەیانەوە ناڕاحەت بووە: یەکێکیان ئەوە بووە، لە کاتی پاشەڵ شوشتنی ساوادا سەری ساواکە دەکەوێتە تەنگژەی نێوان بن هەنگڵ و ڕان و قەپرغەی دایکی و تێیدا هەناسە سوارو خەفەخـان دەبێ. دووەمیان ئەوە بووە کە بەسەر ئاگرەوە ئەم دەست و ئەو دەستیان پێ کردووە زۆر ترساوە. سێیەمیان ئەوە بووە متومۆری و نوشتەیان لە پاشەسەری کۆچکەی دروووو لەسەر پشتی لانك ئەو زەق ورەقانەی لەسەری چەقیوون، چەندیکی گریاوە لەبەر ئێشی سەری دایکی مەمکی لە زاری ناوەو لایە لایەی بۆ کردووەو ژێر نەبوتەوە.. ئامۆژگاری دایکان دەکات کە منداڵەکانیان لە ئازارو ترسی ئەولۆیی بپارێزن.

لە ڕێی گێڕانەوەوە دەزانم کاتێك ویستبوویان لە شیرم بکەنەوە بەپێی عادەت دەرمانی تاڵ و سوێریان هێنا بوو لە گۆمەمکی دایانم یاعصمت بدەن تاکو مەمکەکەم لەبەر چاو بکەوێت. وابێ دەچێ ئۆگرم بە دایانمەوە وەهابووە پاش تەمەنی دوو ساڵیش هەر مەمکیم مشتووە هەر چەند شیریشی زۆر کەم بوو بوو بۆیە بووە تەمەنی ئەوەم هەبوە مەبەستیان تێ بگەم ئیتر پێم گوتبوون دەرمانی تێ مەدەن مەمکی نامژم ئەمما لێم گەڕێن هەر لای ئەو بنووم. بەمە مەسڵەتیمان کردبوو.

ئەو دیمەنە پچڕپچڕانەی بیرەوەری منداڵیم کە دێنەوە بەر هۆش و گۆشی ئێستاکەم هێندیکیان چێشتی ئەوتۆن لە کزی خۆیاندا ساڵانە روویان دەدا وەك: گوێزەی ماڵ بۆ چنارۆك، مشتاغ ڕاکردن، کار دروستایی ڕەمەزان، خرپو جۆیانی قاوورمە وگیپەی دابەستە، چەڵتوك کوتان، ئامادەکردنی ماڵەوە بۆ ژیانی زستانە، کاروانە داری دۆستی لادێیی لە کزی پاییزدا، هەنار تریێ جەلی و نازەنین و سناوە لە کزی خۆیدا.. هتد.. هتد.

کە فیلمی ئەو دیمەنانە لە زەینی خۆمدا دەدەمە بەر یاد کردنەوەوە بە ڕوونی دەبینم وێنەیان لە تەمەنی منداڵیمەوە بۆ تەمەنی هۆش کرانەوەم لەیەکدی جودان. بە نموونە، لەبەر تیشکی کزی فامی منداڵیمدا ئەو کوتکانەی کە ئاڵقەی پیاوان بەنزکەی سینگیانەوە لە کۆمەڵی چەڵتوکیان ڕادەکێشا کارێکی مەتەڵاوی تەماوی بوو بەند بوو بەو دەمەی هەڵسوکەوتەکەی تێدا دەکراو گەپ و گۆبەندی تێ دەخزا وچاپەی بە دەمەوە دەخورایەوەو لە مێشکمدا نە دەچوەوە بۆ برنج سپی کردن و چێشت لێنان وەیا برنج فروشتن و بەدیاری هەناردن. دەمزانی کوتەك لە چەڵتوك دەدەن بەڵام پێم سەیر نەبوو ئەگەر لە جیاتی چەڵتوك لەگڵ و بەردیان ڕاکێشایایە.. دەمدیت یەکێك بە سیکار دەوەدێت (دواتر زانیم پێی دەڵێن قەساب) دابەستەکان سەر دەبڕێت و کێشەی گیپەو قاوورمەی بەدوادا دێت بەڵام ئەگەر لە جیاتی سەربڕینیان بەپێش خۆی داہان و برد بانی بۆ هەر کوێیەك بێت فەرقێکی ئەو توٙی نە دەکرد بەلامەوە. دەمزانی دابەستەکان پێوەندی بەماڵمانەوە هەیە بەڵام خاوەنایەتی ئێمە پێیانەوە هێندەی خاوەنایەتی خۆم بە پەپەجانەکەمەوە نەبوو[پەپەجانە: جۆرێکە لە پێڵاوی ساوایان]. هەروەها کە لە چنارۆك دەمدیت ئەو خەڵقە کتوپڕ ڕۆژێکیان دەکەونە خۆیان و شوێنی مشتاغ ڕۆنان پاك و هەموار دەکەن، بەکەرو قەڵتارە تریێ ڕەش لە ڕەزەکانەوە دەهێنن و هێشوو هێشوو ڕای دەخەن، دەمزانی ئەو ترێیە دەبێتە مێوژ بەڵام ئەگەر لە جیاتی ڕۆنانی پێ شێلیانت بکردایە وەیا بەم لاو لا دا فڕێیان دابایە کارێك دەبوو، بۆبەر زەمینی منداڵیم، برای ڕۆنانەکە بێت: هەستم نە دەکرد بە (حتمیة)ی هاتوباتی مشتاغ ڕۆنان و مێوژ هەڵگرتنەوە. ئەمما ئەگەر شەوێکیان یەکێك لە ئەهلی ماڵەوە شوێنی نووستنی گۆڕیبایە ئەو جێ گۆڕکێیە قاڵبی هەمواری لە قەناعەتمدا پەیدا نە دەکرد.

بەشێکی دیکەی ئەو دیمەنانە هی هەڵکەوت و ڕێکەوتە کە کز و جەم و دەمی بۆ نییەیان هی شتی بەردەوامە کە نەکز نە هەڵکەوتی تێدا نییە ـ لە نموونەی هەڵکەوت: سەفەر، سەیران، شایی، شین، شەڕە چەپەڵۆك، برووسکەو ڕەهێڵ، داوەت.. هتد.

نموونەی شتی بەردەوام کە لە خەیاڵی منداڵیمدا شوێنی هەبێ: کەسانی بەرچاو، هاو تەمەنەکانم، شوێنی گەمە لێ کردن، ماڵ و دەربوونەو گەڕەك، ولاغی جوان، پشیلەی دەستەمۆ، درەختی ڕێك، خانووی بەرز..

تێکرای ئەو دیمەنانە کە هەر بابی فامی منداڵ واتای دیاریان

له مێشکمدا زره ڕەنگی دەدایەوە، تەختەیەکی (وشەی پێکدا تێپەڕیو ـ كلمات متقاطعة) له بیری منداڵیمدا دروست دەکەن، هێندێ وشەی زۆر شیرن و هێندێکیشی زۆرو کەم، تاڵن، شیرنایی‌و تاڵاییشیان چەندێکی هەبووبێت له عەیارەی فامی منداڵیمداکه له ڕێز بیان دەکرد، واته پتر لەوەی هەبوون دەهاتنه بەر هەستی ساواییم، نەك لەبەر ئەوەی هەڵکەوتەکان زل بوون بەڵکوو لەبەر بچووکی‌ی پۆرگی دەروونی ساوام.

له ووشه خۆشەکانی ئەو تەختەیه، بۆ تەمەنی هەره زووی بیرکردنەوەم، (سەیران) بوو ئنجا چ له بەهاراندا بەر له پشکووتنی درەخت و چ له سەرەتای هاویندا که دەبوه کژی پێگەیشتنی فەریکه سێوو تووی هەمه جۆر. کەساوا بووم سەیرانم بەند بوو به ئەهلی ماڵەوە چونکه لەو تەمەنەدا من و هاوڕێکانم توانای سەیرانی تایبەتی خۆمانمان نەبوو. ماڵی ئێمەو ماڵی مامه نوورەددینم له بەهاردا یەك دوو جاران دەچوون بۆ سەر چاك یان دەرماناو، وەهاش دەبوو لەگەڵ خزمی دیکەدا به کۆمەڵی گەورەترەوە ئەو سەیرانانەیان دەکرد به تاقمی ڕابواردنی ڕۆژێکی سەر لەبەرەوە: ولاغ بۆ سواری‌و بار لێ‌نان بەهی خۆمان و هی خوازراپەوە بایی پێویست، بگره له پێویستیش پتر، ئامادە دەکران و دوای بەرچایەیەکی بەپەلەو زوو له سبەینەدا تێکراماں، جگه له باوکم و مامم و یا فەخرەی پووری گەورەم و یەك دوو بەردەست، بەرەو شوێنی سەیرانەکه دەچووین، ژن و منداڵ و پیاوی لێ‌هاتوو بەسواری‌و هێندێکیش بەپێیان.. ئەو ڕێگایه، بایی ڕۆیشتنی سەعاتێك و دوو سەعات بوایه به چەپڵه ڕێزان ونوکتەو پلارتێك گرتن و تریق و هۆڕو گەشانەوە دەپێچرایەوە بۆ سەر ژوانی مەبەست. من به پێی بڕیاری ساواییم له کۆشی دایانم بەسەر ولاغەوە یان به باوەشی پیاوێکەوە وەکوو قەپووچکەی ئاو لەگەڵ شەپۆلی ئەو کەیف و زەوقه سەراو دەبووم. هەندێکیان که جارێ له تەمەنی پێش مەکتەبمدا بووم، بەر لەوەی بچین بۆ چنارۆك، به قەڵەبالغی‌و هاتوباتەوە سەردانێکی چاکی (پەڵکانه)مان کرد. ماڵی ئێمەو ماڵی مامم و ماڵی (خاڵه صدر)ی کوڕی شێخ کەریم (خاڵی مامم بوو) لەگەڵ چەند ئافرەتێکی به ساڵدا چووی که به عادەت دەکەونه بەر حیسابی دڵ ڕاگرتن و خاترانه، دوای بەرچایی‌یەکی زوو، لێ سوار بووین و به دوو سەعات ونیو گەیشتینه سەر چاکەکەو، له ژێر دار توویەکی بەسەر کانیاوێکەوە ڕوا بوو بنگەمان دانا. وەها ڕۆییشتبوو که ئەو کانیه، به اصطلاح، بێ بنه واته کەسێکی بچێته ناویەوە پێی ناگاته زەوی‌و ئەگەر مەله نەزانێ دەخنکێت. منداڵێکی له ئێمه باڵخۆشتر، حوێزناو،[2] کوڕی ئافرەتێکی سەر به ماڵی خاڵه صدرمان لەگەڵدا بوو ئازایی خۆی تاقی کردەوه بەوەدا جۆلانه بەسەر کانیەکەدا بکات و ترسی خنکان نەیوەستێنێ. دەستی گەیانده لکه ووێك و خۆی بۆ شل کردو به دەنگی بەرز تێی هەڵکرد: حێلانێ جۆلانێ.. جارێ به تەواوی سەرێکیان بەسەر کانیەکەوە جۆلانەی نه کردبوو لکه تووی هەرام قرچەی کردو شکاو حەوێز شلپەی له ئاوی کانیەکه هێنا. دایکی زیراندی‌و خەڵقەکەش سەغڵەت بوون له ترسی ژێراو بوونی لەو کانیه بێ بنەدا، کەچی حەوێز به سەلامەتی له کانیەکەدا چەقی‌و هەر هەتا هەوراز کەمەری له ئاودا بوو. تومەز کانی فێڵباز بەهیچه ئەو ناوبانگەی بۆ خۆی داسەپاند بوو. ترسی خنکانەکه بوو به پێکەنینێك و تویقو هۆڕێك ئەو سەری دیار نەبێ. ئەو حەوێزه باوکی نەمابوو، له جیرانەتی ماڵی خاڵه صدر بەخۆی‌و دایکیەوە، لەچاو وەزعی بێ باوکی، ژیانێکی خۆشکەڵەی ڕادەبواردو بەزۆریش له هامۆشۆی خزمانەدا هاوبەشی دەبوو له گەمەو گەپی هاوتەمەنەکانی خۆی له بەرەی ئێمەو ماڵی خاڵه صدر. ئەو ڕۆژه لەو جۆلانه مەترسی لێ‌کراوەدا مەبەسی خۆ هەڵدانەوه بوو بەسەر فەتحی (شیربرام)و فاتیحی خاڵه صدر که هاو تەمەنی بوون.

پەڵکانه بریتییه لەو کانیاوەو قەبرستانێکی لێوەی نزیکه. وەها ڕۆییشتووه که پیاو چاکێك لەو قەبرستانه نێژراوە، گۆیا ئاوی کانیەکەش دەرماناوە. له ماوەیەکی کەمدا دێی (ناصر اغا) هەیه که هی ماڵی شێخ کەریم بوو، ئەوسا بەشێکی هی خاڵه صدر بوو، دواتر به کڕینەوە هەمووی بوو بەهی ئەو. لەو جۆره

سەیرانانـەدا ئەو دێیە لێمانەوە نزیك بایە یارمەتی دەداین لەهەر شتێکی پێویست بایە، لەماست و دۆ دریغییان نە دەکرد، دەهاتن دەبـوو گیسـك دەیـا بەرخیـان بە دیـاری بۆ دەهێنـاین هەرچـەند لەلایـەن خواردنـەوە بەکـاردروستـایی تەواوەوە دەچـووینـە ئەو شوێنانە. خەڵقانەکەش ئەو ڕۆژە پێمانەوە دەگەشانەوە هەر نەبێ لەبـەر ئەوەی کە هەڵێـك دەبـوو دەقی ژیـانی یەکنـەوایـانی تێدا بشکێنن و لەنـزیکـەوە سەر بەجـۆری ژیـانی شارستاندا بگرن. هەمیشە ئافرەتی لادێ حەزی کردووە خشڵ و پۆشاکی ئافرەتی شارستان ببینێت بە بەژن و باڵای ئافرەتەکەوە. زۆر بە سەیری منداڵەکانیان نامۆیی‌یان لێ دەکردین: هەر دەتگوت ئێمەیان بە دانیشتـووی جیهـانێکی نائـاشنا بەوان حیساب دەکرد، تەنانەت کەم گەیی منـداڵی لادێ هەیـە بەهی منـداڵی شارستان بچێ، لەوەشـدا جوداوازی شارستـان و لادێ کاریگـەر بوو نەك هی چینایەتی چونکە بۆ منداڵی لادێ هەموو منداڵی شارستان بێگانە بوون بە دەوڵەمەندو هەژاریەوە، لە شاریشدا منداڵ هەژار بایە یان دەوڵەمەند بەیەکەوە یارییان دەکرد.

لە کۆیـەوە کە بتـروانیـە پەلکـانـەو ناصـر اغا ڕووت دەکەوتە ڕووکـاری دەربـەنـدی بازیان واتە لە نێوان باشوورو ڕۆژهەڵاتی کۆیێ کەوتوون.

جاری وەهـا دەبـوو لە سەرەتـای هاوینـدا لە کۆیەوە، یان لە مانگی ئاب لە چنارۆکەوە دەچووین بۆ کانیە گەرمەکەی مەشوور بە (حەمام جەلی). بۆ خەڵقی ناوچەی کۆیێ بە ئاهەنگی ئەو ناوەوە دەگوترا حەمام عەلی‌و حەمام جەلی. مەبەس لە حەمام عەلی کانیە گەرمەکەی (حمام العليل)ی نزیك مووسڵە، کەم کەسیش دەیزانی حەمام عەلی قوت کراوی (حمام العليل)ە. کانیاوی (حەمام جەلی) لە دوو کیلۆمەتری‌ی دێی جەلی بەسەر ڕووبـاری (بـاسـەڵم)و لە دامـەنی کلکـەی جیای ئاوەگرد بەلای چنارۆکەوە هەڵکەوتووە.

جێگـەی هەڵقـوڵینی کانیـە گەرمـەکـە بە ڕۆخی ڕووبارەکەوە بوو، هەر ساڵە کەڵەکی مەحکەمی ئاو نەدەلاندوویان بە دەوری کانیـەکـەوە هەڵـدەنـا تاکوو ئاوی ڕووباری تێکەڵ نەبێ‌و ساردی نەکـاتـەوە. هەڵبـەت کەڵـەك لە خۆوە هەڵنـاندرێ‌و ئاوی گەرم بە خۆڕایی لێکدی جودا ناکرێتەوە.

دەبـوو یەکێـك ئەم کارە بە ئەستـۆی خۆیـەوە بگـرێ. دەمانەدا کە من بۆ بیرەوەرییان دەچمەوە خزمێکی جەلیەتی حاجـی کوڕی مەلا عارف، سەروبـەری کانـی هەڵـ ڕێـك خستنی شوێنی ژنـان و پیـاوانی ئەنجـام دەدا لە پادا مزەیـەکی بێ ئەرکی بۆ دەچـوو لەو کەسـانـەی دەهـاتنـە گەڕاوان و ئاوی گەرمی حەمـام جەلی (نـەختێکی دیکـە گەڕاوان دێت). من ئەو مامە حاجییەی مەلا عارفم چاك دێت. چ لەو سەفەرانەی جەلی‌و حەمام جەلی ئێمە بێت و سەردانی ئەو بۆ چنـارۆك و کۆیـە بێت گەلێـك جاران دیتـو گوێم لێی بووە. مەلا عارفی باوکی، کە ئەوسا پیرترین کە جەلی زادان بوو، بە حاڵ و وێنـەیـەکی تارمـایی ڕەنگی لێ دەکەمەوە ئەویش لە ڕێی بیستنەوە بەینێکی مەودا درێژی لە باپیـرم، بە دوا ئەویشـدا لەگـەڵ باوکم ڕابـواردووەو هەر لە ئەوانیش وەك ئەندامێکی خێزان بەسەری بردووە. خەبەراتی مەلا عارفە لەگەڵێك باردا باس دەکرا تەنانەت باوکم گەلێك تیـفـەی لێ دەگێـڕایـەوە، یەکێـك لەوان ئەوە بوو دەیگـ ڕەمـەزانێکیـان کەوا تازە دەهـات بکـەوێتە گەرمای هاوین، عارف، دمـەو عەسـرێـك لای باوکـم لە قووڵایـی دڵـ هەنـاسـەیـەکی حەسـرەتـەو مەنـدی هەڵـدەکێشێت. باوکم دەپرسێ ئەو هەموو حەسرەتەی بۆچی بوو؟ دیسان بەدەم هەنا هەڵکێشانەوە دەڵێ خۆزی نە دەمردم هەتا فتارێکی بە ئارەز دڵی خۆمم کردیایەوە.

باوکم پێی دەڵێ، مەلا عارف تۆ ئارەزووەکەت بڵێ، بێ مادەم لە توانـامـدا بێ فتـارەت بۆ ساز دەدەم دا بزانم لەچـی دەکـەیـت. ئەویش پڕ بە دڵ و بێ مەبـەستـی گەپ پێکـەنین دەڵێ: تەرۆزیـەکی پیـر پیـر، دۆیـەکی ترش ترش نانێکی ڕشـاوی بوو بێتـەوە هەویـر. ئەمـەی گوتو وسکت بوو باوکم بە دیار ژماردنی خواردەمەنی دیکەوە گوێ رادەگرێ بە هیچی دیکـەی بە دوادا نایـەت. دەزانێ ئەمـەیـە ئارەزوەکـەی

ئەویش پێی دەڵێتــەوە: مەلا سبــەنێ دوای عصـر دەنێـرم لای بەقاڵەکان کام تەرۆزی لەبەر زێدە پیری حەیوانیش نای خوات ئەوت بۆ بهێنن. هەر لە دوا ڕۆژ هەڵاتیشــەوە دۆی ماڵــەکــەی خۆمـانت بۆ لەبـەر هەتـاو دادەنێین هەتـا وەکوو زەهری هەلاهیل ترش هەڵــدەگــەڕێ، نانیـشـت بۆ لە ئاوی گەرم هەڵکێشن بە ئارەزۆی خۆت نەرم بێتــەوە، ئەممـا ئەگـەر لە نەوسـان وەزگیش بدەی نابێ لەوە بەو لاوە هیچت بچێتە هەناو، خۆتۆ منت تۆقاند بەو هەناسە دووکەڵاوییەت، لام وابوو داوای زلابیەی بەغدام لێ دەکەیت. ئێوارەی ڕۆژی دووەم مەلا عارف فتاری بە تەرۆزی پــرو دۆی ترشـاوو نانــی هەویــراوی کردەوە بەو جۆرەی کە تامەزرۆی خۆراکی بەهەشت لێی تێر نابێ. کە گەدی لەو فتارە پڕ کرد شایەدیەکی بە دڵی هێنابووو گوتبووی ئنجا مردن حەقەو ناحەق نییە.

نەوەی مەلا عارف، کوڕی حاجـی، مەحــمــوود ناو دوای مەرگی باوکی بە زۆری لای ئێمــە، بەتــایبـەتیش لای مامم لە کۆیەو چناڕۆك بەسەری دەبرد. دواتر بوو بە خاوەن ژن و ماڵ. وابزانم ئێستا لە هەولێر نیشتەجێ بووە منداڵیشی پێ گەیاندوون. لە دەست خۆمدا نییە چەندێکی بە (جەلی) یەوە خەریك بم لێ تێر نابم.

لەلایـەکـەوە ڕیشـەی وجـودم لە کۆنـەوە بەوێوە بەستراوەتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە پێوەندیم پێیەوە لە ساوایی و منداڵیمدا بەهێز بوو، لێـرەشــدا بە سەرهــاتی ئەو ڕۆژگـارانـەم دەگێـرمـەوە کە بەشێکیان بەجەلی و حەمام جەلی و (گەڕاوان)و خزمانی جەلییەوە بەستراوەتەوە.

ئەو ناوە ئاوی مەعدەنی ی زۆر هەبوو. جگە لە ئاوە گەرمەکە کە ناوی (حەمام جەلی) لێ وەرگیراوە ئاوی دیکەی هەبوو پێیان دەگوت عەنکفریت.

دیــارە مەبــەست (عین کبـریت)ە کە دەمـاودەم زاراوەکـە لە عەرەبییـەوە گۆڕانی بەسـەردا هاتـووە. ئەو ئاوەیان یەکجار زۆرتر بوو لە ئاوە گەرمـەکـە وەك لە بیـرمـە ئاشگێـر دەبـوو، ئەویش بە ڕۆخی ڕووبارەکەوە، بەڵام لە بەری لای چناڕۆك نەك جەلی، بەر لەوەی لە زاری گەڵیــەکــەوە بەرەو دیــری جەلی دەربێت، بەرەنگێکی شینی سپـات و بەکـەفـوکوڵەوە هەڵدەقوڵی و خەڵق بە نیازی چاك بوونەوە لە دەردی باداری تێیدا دەمانەوە. نەختێك لە ڕووبــارەکــەو بنــاری شاخــەکـە ترازابـایت بەرەو چنـاڕۆك دەگـەیشتیتـە شوێنێـك پێیان دەگوت (گەڕاوان)و لە دوورایی نیو کیلۆمەترێکەوە، بەڵکوو زیاتریش بێنی دەهات. ئاوی ئەو شوێنە بۆ دەردی پیسکی و گولی چاك بوو. وشەی (گەڕ) وەك بزانم لە فارسیدا بە واتای کەچەڵ دێت بەو پێیە (گەڕاو) دەبێ بە ئاوێك بگوترێ بۆ کەچەڵی دەرمان بێت.

مـناسبی جێگـەیـە بڵێم وشـەی (پیسـك)یش لە کوردیـدا بۆ ڕیشـەیەك دەچێتەوە لە بنەڕەتدا پێوەندی بە (پیسی)یەوە نییە. وەك لە لاپەڕە 113ی کتێبی (فرهنگ ایران باستان) لە نووسینی بور داود باس دەکــات، وشــەی (پــەییس) لە ئاڤێستــادا بە واتــای نەخشــانــدن هاتــووە. پێشگــری (نی ni) بەواتـای (دا ـ وەك داهاتن، داگرتن)ی هاتۆتە سەرو لە دەورانی هەخامەنشییان بۆتە (نیشتن) بەواتـای (نـووسین) کە ئەگـەر بە وردی لێـك بدرێتەوە (دانـەخشین) دەگـرێتەوە، نەخشەکەش کەبۆ نووسین برداوەتەوە لەوەوەیە کە نووسین خۆی بریتییە لە پنۆکی ڕەش و سپی، ئیتر بۆ (بەڵەك)یش بردراوەتەوە.

بەو پێیە وشەی (پیسك) لە ئەسڵدا بەواتای (بەڵەك) هاتووە. بە هەمــە حاڵ ئەو ئاوەی گەڕاوان حەقی بەســەر زمــانــەوانی و مێژووەوە نەماوە ئێستاکە بۆ گولی و پیسکی خۆی لەبار کردووە، ئەو قوڕەی لەو گەڕاوە پەیــدا دەبــێ وەکــوو خەمــی شیــن خۆ دەنــوێنێ. بەلای چنـاڕۆکـەوە بێیت دەگەیتە محاڵێك پێی دەڵێن (شینکـان) سەرلـەبـەری بریتییـە لە گردی شینکـاڵ، هەر دەڵێی کومـەڵی خۆڵـەمێشی داری سووتـەمەنین. بێگومان مادەیەك لەو خاکــەدا هەیـە وەهـای شین دەکـات و لەولاتـریش ئاو دەکـاتـە (گەڕاو). حەیفە شوێنی وەها نایاب دەستی شارستانەتی و پیشە سازی و ئاوەدان کردنەوەی نەگاتێ.

دیمەنی ئەو گەلیەی ئاوی ڕووباری باسەڵمی پێدا دێت بەرەو حەمــام جەلی وڕووەو بیتـوێن و دوکـان، بۆ ئەو تەمـەنی نێـوان

ساوایی‌و منـــدالّیم، زۆر سەرنجـــراكێش بوو. بەر لەوەی چەكی ئاگردار زۆر بلاو بێ شاخەكە پڵینگی هەبوو. هەر لە بیرمە لەو سەفەرانەی كە تەمەنم گەیشتبووە پلەی هۆش كرانەوە، ترسێكی پڵینگ لەگەڵمدا دەژیا تاكوو بەرەو ماڵ لێی دوور دەكەوتینەوە، ترسەكەش بە ئەساس لەوەوە دەهات كە دەنگوباسی ڕاوە پڵینگی ئەو شاخە بەسەر زارانەوە بوو، كەسانیش هەبوون لە دانیشتوانی ئەو ناوچەیە ناویان لە ڕاوە پڵینگ دەركرد بوو. ئەوەی ڕاستی بێ، شاخەكەش لەم بەرەو بەری ڕووبارەكەی باسەڵم، بۆ بەر زەینی ئەوســـای منـدالّیم، دەهشـەتێكی دەخستـە لێكـدانـەوەی خوتخوتە تێگەڕاوم چونكە تا ئەو دەمە هیچ شاخێكی وەها چڕو نغـــوردو سەخت و بەتـەڕاش و تاوێڵە بەردم نەدیتبـوو: بە چاكی دێتەوە بیرم، كە لە دیمەنەكە ڕادەمام دەتگوت ئەم بەرەو گەڵیەكە ڕازو نیـازێكی نێـوان خۆیـان بە خامۆشی لە یەكدی دەگەیەنن، تارمایی پڵینگیش لەناو توێژدا وەكوو تەڵەنراوەتەوە بۆ ئەو كەسەی بێ باكانە لە ئاوەدانی دوور بكەوێتەوە.

چەندی لە حەمام جەلی مابایەنەوە هەمیشە خزمانی جەلی بە دەورمـانـەوە دەبـوون و لە خزمـەت و بەفـریـاكـەوتن دریغیان نە دەكرد. بەر لە چوونمان كەپرو ساباتمان لە حەمام جەلی بۆ ساز دەدرا، شەوانــە پیـــاوی ئێشكچییـــان لامـان دەمـانــەوە لەگـەڵ جەمـاعـەتی خۆمـان هەتـا سبـەینـە ئاگـادارمان دەبوون، چەند جارانیش سەرمـــان لە گونـــدی جەلی دەداو خزمـانمـان بەســەر دەكردەوە بەتایبەتی ئێمەی منداڵ كە حەزمان بەگەڕان پتر دەكرد تا خۆ لەئـاو هەڵكێشـان. ئەو دەمـە لەنێـو خزمـانی جەلی ڕیش سپیەتی بە (ئامۆزا محمد)ی خوالێخۆش بووی ڕەوا دیتا بوو.

ئەم پیـــاوە لە چاو هاو مەســـەلـەكـانی خۆی زێـدە بەرچـاوو زۆریش ڕێز لێگیراو بوو. لكن جەلی زادەی كۆیەو ئەو لكەی ئامۆزا محمدی برا گەورە بوو لە مەلا عەبدوڵلای كاكی جەلی (بـاوكی مەلا عەبـدوڕڕەحمـانی[3] كاكی جەلی) دەگـەنەوە یەك باوكم تا بڵێی ئامۆزا محمدی خۆش دەویست و ڕێزی لێ دەناو دڵی بۆی دەكرایەوە، منیش لەو مندالّییەمدا دڵم بۆی دەچوو. دەمدیت لەو خزمانەی جەلی‌و كەسانی ئەو ناوەی دەهاتنە لای باوكم تەنهـــا ئامـــۆزا محمـــد یەكسـەر دادەنیشت ئەوانی دیكـە خۆگیـریـــان دەكـرد هەتا باوكم تەكلیفی دانیشتنی دەكردن. ئەم دابەش شتێك نەبوو باوكم بەسەر خەڵقەكەی دا سەپاندبێ; لە خۆوە خەڵقەكە وەهایان لێ‌خۆش دەهات دوای ئیزنی ئەو لای دانیشن.

لە نموونەی ئەو ڕێزو شكۆیە، نەمدیت لە هیچ كۆیەك كاكە حسێن و كاكـە حەمـە لە مەجلیسی سەیـد ئەحمـەدی خانـەقای باوكیان دابنیشن: هەمیشە لە حزوور باوكیان وەك درەخت بەسەر پێیانەوە دەچەقین.

ئەو ساڵەی كە باوكم چوو بۆ لای جەلی، پێوەندی بەسەفەرە عادەتیەكانی ساڵانەی ماڵی ئێمەو ماڵی مامەوە نەبوو: چشتێك ڕووی دابوو، كە ئێستاكە نازانم چی بووە، هەلی ڕێك خست بۆ باوكـم كە سەردانێكی ئەو ناوە بكـــات، زۆر لە مێـــژیش بوو حەزی دەكـــرد زیــــارەتی گۆڕی باپیـــرە گەورەمـــان كاكی جەلی ودیدەنی خزمانیش بكات. هاتوباتی ئەو سەردانە چ خزمایەتی نەبوو لەگەڵ سەفەری ئێمە: لەو چەند ڕۆژانەدا كە باوكم لەو ناوە مایەوە خەڵقی ناوچەكە تێكرایان هاتنە بەخێر هێنانی، خوا هەڵنـاگـرێ خزمـانی جەلیش بەگـەورەو كچكـەیـانـەوە، كوردی گوتەنی، خۆیان شەهید كرد لە خزمەتی مێوانان. لە بیرمە، ئەو هاوینـــە مێگـــەلی كۆمـــەڵێـك لە مەڕدارانی دزەیی هاتبـوون بۆ پاوانـــەكـــانی ناوچـــەی جەلی‌و سنـاوەو ئەو دەورو بەرە. خاوەن مێگـــەلـــەكـــان كە لە ئاغـاكـانی دزەیی بوون، ئەوانیش هاتنـە سەردانی باوكم، دەستـــو دیـــارییـــەكی باشیشیـــان پێ بوو بۆ ئەو بنـەگـەیـەی كە خۆراكی بۆ مێـوانـەكـانی باوكم دروست دەكرد. ڕەنگـــە ئەو ساڵـــە من لە پۆلی دووەم یا یەكـــەمی سەرەتـــایی بوو بێتم، چ بەر هەڵستیشم نییە لەوەدا بگێڕنەوە بۆ ئەو تەمەنەو ئەو چرگەنەی بناری ئاوە گردو دوو قەراغی ئەم بەرو ئەو بەری ڕووبارەكەی باسەڵم.

لە یادی ترسی پڵینگ ئەو شتانەم بەبیردا دێنەوە كە لە ساوایی‌م ولـە منـدالّیمـدا ترسم لێـان هەبوو، مەبەسیش شتی ئەوتۆن لە عادەت بەدەر بن.

لە سێ شت دەترسام هیچیان پێوەندییان بەوی دیکەوە نییە. یەکەمیان ترسی سەگ. نازانم لە کوێوە ئەو ترسەم بۆ هاتبوو بەڵام لە بیرمە بە هەموو دڵ و گیان لێی دەتۆقیم، تەنانەت لێشم دووربایە ترسەکەم ڕێ دەنیشت. کە گەورە بووم بەخۆدا شکانەوە نەی دەهێشت ترسەکەم پێوە دیار بێ بەڵام ئەوساش تا پێم کرابایە خۆم لە شالاوی سەگ دوور دەخستەوە، واتە خۆمم نە دەخستە ئەزموونی ترس و نەترسانەوە.

دووەمیان ترسی بەپەیژەدا هاتنە خوارەوە: نەم دەزانی چوونە سەری پەیژە هێزە جودایە لە پێدا هاتنە خواری-تاکوو جارێکیان بە پەیژە سەر کۆشکێکی تازە دروست کراوی ماڵی مامم کەوتم کە ویستم وەکوو خەڵقەکەبە پەیژەکەدا بێمەوە خوارێ لە سەرەتاوە ترسێکم سواری شانان بوو، ئنجا ترسەکەم لێ بوو بەسەر سوورکێ. لەو سەربانە عەوقام و بەهیچ جۆرێك جور ئەتم نەکرد لە پەیژەکە نزیك بکەومەوە. پیاوێکی لەوانەی خزمەتی باوکمیان دەکرد (صمد) ناو هات و لە کۆڵی خۆی کردم و پێشی گوتم چاوەکانت بچووقێنەو دەستەکانت لە ملم توند بکەو ترست نەبێ. ئامۆژگاریەکەم لە سەدی سەد جێبەجێ کرد، بەڵام لە دڵدا ئومێدم کەم بوو کە بەسەلامەتی دەگەمەوە سەر بانەکەی ژێرەوە. دیار بوو (صمد) چ پەروای نەبوو چونکە هێندی بڵێی یەکو دوو لە بانی ژێرەوەی دانام.

(صمد کورە خاڵی کافیەی مەلایان بوو کە ئەوسا چەند ساڵێك بوو هاتبووە ماڵمان، خۆیشی پتر لە دەساڵ خزمەتی باوکمی کرد تاکوو بۆی ڕێك کەوت لە کۆتایی سییەکان کاك مەجیدی ئامۆزام بوو بە مودیری قوتابخانەی ڕانیەو صمدی کرد بە فراش. لەوەوە بوو بەڕانیەیی بەڵام هەتا مرد هەر خزم و ناسیاو دڵسۆزمان بوو. مردنەکەشی جۆرێك بوو بە زەینی کەیدا نە دەهات: ئاوی کوێرەکانی لەڕانیە حەوزێکی گەورەی بە دیوار بۆ هەڵنرابوو تاکوو ئەوانەي لە مزگەوتەکەی نزیکیەوە نوێژ دەکەن دەسنوێژی لێ بشۆن. جارێکیان لەو دەمەدا کە صمد حەنەفییەکی حەوزەکەی کردبۆوەو دەسنوێژی لەبەر دەشوشت لە پڕ دیواری حەوزەکەی بە سەردا ڕما، ئاسنی لوولەو حەنەفییەکە لە سینگی چەقی بوو، یەك دوو ڕۆژ دواتر گیانی سپارد. هەزار ڕەحمەتی لێ بێ. وەی کە بۆی بە پەرۆش بووین.

ترسی سێیەم ئەگەر لە خۆم نەقەومابایە ڕەنگە بوو باوەڕ بە هەبوونی ئەو جۆرە ترسە نەکەم. چەند ساڵێکی تەمەنی ساواییم لە چاوی دوو کەس دەترسام کە پێویست نابینم ناویان بهێنم: هەر دووکیان دەمێکە مردوون، چ ئاگاداریش نەبوون لەو ترسەی چاوی ئەوان بۆ منی دەرسکاند، هەر دووشیان پێوەندییان پێمانەوە بەتین بوو، خۆشیان بەبچووکی باوکم لەقەڵەم دەدا، هەر ئەمەیش بوو موشکیلەی بۆ من دەنایەوە چونکە ئەو پێوەندییە وەهای دەکرد زۆریان ببینم. تا منداڵ بووم کەس لێی نەبیستم حاڵی من چۆنە بەدەست ئەم دوو جووتە چاوەوە. بێگومان چاوی خاتوو زین ئەو کارەی لە کاکە مەم نەکردووە. کە گەورە بووم و لەڕێگا تووشیان دەبووم و بۆم ڕادەوەستان تا سڵاویان لێ دەکەم بەبیرمدا دەهاتەوە ئەو چاوانەی وەها پڕ لە خۆشەویستییان دەبینم کاتی خۆی چ باجێکی سەختی گیانییان لێ سەندووم، خۆشیان لەوەهەم و لە خەیاڵیشدا هەستیان بەو کاریگەرییەی چاوەکانی خۆیان نە دەکرد. جیهان پڕە لەو جۆرە هەستی دەرنەبڕاوو تەئسیری بێشوێن و کاریگەرایەتی نەزۆك. بەڵام کێ دەڵێ حاڵ و باری ئەوتۆ نەبووە تەئسیری ئەوتۆیی بە زەقی و لە ڕووداودا خۆی نواند بێ؟ بەچ مەعلووم هەندێ نەساغی نەفسی لەمن و تۆدا ناچێتەوە بۆ سەرچاوەی وەها خەیاڵ لێ نەکراو کە بە بیردا نایەتەوە؟ بە چ مەعلووم؟

لەو دیمەنانەی کە دێنەوە بەر خەیاڵی ساواییم و پەردەی زەینم بە تەواوی پڕ دەکەنەوە دیمەنێکە، ئەویش تێم دەگەیەنێ کەوا ڕەنگە بچووکی پۆرگی تەحەمولی منداڵ بکێشێتەوە بۆ بەگەورە نواندی ئەو شتانەی دێنە بەر هەستی: نیوەڕۆ بوو، بە بۆنەی هاتنی خاڵە شێخ مارفی هەڵەجە، کەخۆی براگەورەی بنەماڵەی بەرزنجییەکانی کۆیێ و خاڵە گەورەی مامم بوو، قاوەڵتی لە ماڵی مامم دەکرا.

من منداڵ بووم جارێ نەچووبوومە قوتابخانە. بە دەوری

سینییەکی گەورەی سەرووی ریزە سینییەکانەوە باوکم و خاڵە شێخ مارف و دوو برای دیەی کە خاڵە شێخ محیی الدین (نهانی)و خاڵە شێخ نجم الدین بوون، منیش لە خزمەتیاندا، نانمان دەخوارد. وام دەزانی ڕیشی ئەو سێ خاڵانە لە هاتوچۆی پاروو جوویندا هێندەی باوەشێن دێن و دەچن. . ڕاستەکەی لەو دەمەدا، وەختە بڵێم، دنیام لێ بوو بوە باوەشێنستان. هەر ئەو جارەش بە خزمەت خاڵە شێخ مارف گەیشتبووم، ئەویش بەم شێوەیەی نەفامیو نیگا شێوان. دواتر زانیم خاڵە شێخ مارف ڕیشی وەها نەبوو وەك دەهاتەوە بەر زەینی ساوایم تومەز لە پەنا سێبەری ڕیشی دوو خاڵەکەی دیکەدا، بەتایبەتی هی خاڵە یحیی الدین، ڕیش لە خۆوە زیادیان کردبوو.

دیمەنێکی دیکەی بەر زەینی ساوایم کە لەو تەمەنەدا هەزاران هێندەی خۆی نرخ و بایەخی لام هەبوو، ئەمەیان بوو:

کە پایز دادەهات و لە ژووران دەنووستین من و نەجیبەی خوشکم و فەتحی لەگەڵ یاعصمتی دایانم لە کۆنە ناو ماڵی قەدیمی سەر دەمی باپیرم دەبووین. . لە پایز وزستاندا سبەینان تیشکی ڕۆژ لە سێ کولانەی نزیك بن میچی ناو ماڵەکە دەهاتە ژوورەوە. یەکەم کولانەی کە تیشکی لێوە دەهاتە ژووری ئەوەیان بوو کە لەو سەری ناو ماڵەکە، دووری دەرگاو بە تەنیشت دیواری نێوان ئێمەو ماڵی مامەوە بوو. من چاوەنۆڕی ئەو دەمەم دەکرد، ئیتر لە هەوەڵەوە بەقەد پنۆکێك تیشك لە دیواری پشت کۆنە ئەستێرکەوە گەش دەبوو. بە پێی هەڵکشان و سووڕانی ڕۆژ ئەو پنۆکە تیشکەی کە هێندەی درهەمێك بوو وردە وردە پانتر دەبوو، جێ گۆڕکێشی دەکرد بەرەژێری دیواری پشت ئەستێرکەکە. زۆری نەدەبرد پنۆکێکی نوێ لە تیشکی ڕۆژ، لە کولانەی ناوەڕاستەوە وەکوو شیشەی سیخ، دووکەڵ و گەردە تۆزی ناو ماڵەکەی دەسمی تا لە شوێنێکی دیواری بەرانبەری چەسپ دەبوو. ئەویش لەکولانەی سێیەمەوە گەردو دووکەڵی دەسمیو. . منیش بەو هەست و هۆشەی ساواییمەوە لەناو نوێنی خۆمەوە بەخەیاڵ وخولیا لەگەڵیاندا دەژیام هەتا دەمی بەرچایی، ئەوسا تیشکەکانیش لە دیوارەکانە بەردەبوونەوە سەر زەوی وتێوەڕامانیان وەزەحمەت دەکەوت جگە لەوەی کە نشینگەیان بەسەر کەلوپەل و پێ لاوو شتومەکی ناو ماڵەکەوە ئەو لە بارییەیان نە دەما وەك کە بە دیواری بێگرنجەوە ڕێگوپێك و لوسولێك خۆیان دەنواند. ڕۆژێکی ئەگەر هەوروباران بایە زەوقی سبەیانم دەگۆڕا بۆ خوولیلیەکی دیکە کەوا ڕەنگە لەویشدا هەر من بەتەنها بەشتی وەهاوە خەریکابێتم: لە تەمەنێکی زۆر زووەوە حەزم دەکرد سەرنج ڕێژەوی پلووسکی بانەکان بگرم. ئەو پلووسکەی ئاوەڕۆی بانی پانی بەرێ کردبایە ئاوەکەی زۆرترو پەلامیزەی دوورت دەڕۆیی پترە لێ ڕازی دەبووم.

ئەگەر بانێکی پان پلووسکی ناڵەباری پێوەبایە ناڕاحەت دەبووم چونکە ئاوەکەی بەپڕژاویو لە نزیك بەردەمی خۆیەوە دەکەوتە سەر زەوی. حەوشەی دیوەخانەش دوو پلووسك. هەتا زۆر منداڵ بووم بەو حەفت پلووسکە تامەزرۆی خۆمم لە مەراقەکەم دەشکاند. فێڵێکی دیکەشم دەخستە گەڕ بۆ دڵنیایی تەواوی خۆم: دەهاتە لە حەوشەی ژوورەوە خانیچکۆڵەی وەهام دەکرد بانەکەی بایی ئەوە بکا کە بارانی مەیلەو غوردەم ببارێ پلووسکی هەڵستێ هەرچەند بەکزیش بێ. لە هەڵنانی خانیچکۆڵەی فەتحی یارمەتی دەدام و یارمەتیەکەم بە هەوڵی خۆم حیساب دەکرد، ئەگەر یەکێکی گەورە دەستی لەو کارەدابایە لەسەر خۆمم بە نوقسانی حیساب دەکردو تامی نە دەماو خانیچکۆڵەکەم بە فێڵێك دەڕماند. کە نەختێك فەراقە بووم (مەراقی پلووسك)م لە سنووری ماڵەوە ڕۆیی بۆ گەڕەکی خۆمان، دواتر بۆ گەڕەکی دیکە تاکوو گەیشتمە تەمەنێك پەراوێزی مەراقەکەم بە پانایی شارەکە پان بۆوە ئیتر دەمزانی لە هەر گەڕەکە کام پلووسك قارەمانەو میزادی دوور دەڕوات و دەوامەی ئاوەکەی پترە لە پلووسکی دیکە. لەو وردە حیسابەی بین بڕکێی نێوان پلووسکەکان چەند پلووسکێکم هەڵاوارد بوو کە ئاوەکەیان هێندە زۆر بوو لە بارانی غوردەمدا دەبوونە تاڤگە: یەکەمیان پلووسکی بازاڕی عەناران، دووەمیان پلووسکی بانی قەیسەری نوێ، سێیەم پلووسکێکی مزگەوتی گەورە. بەکورتی لە ڕۆژێ بارانەدا ئەو مەراقەم منی دەگێڕا، بەخۆم و چەتری بان سەرمەوە، لە تەفتیشی حاڵ و هەواڵی کەڵە پلووسکەکان و چەندو چۆنی ڕێژەویان و ئەو قورتەی

له خاك هه‌ڵی ده‌كه‌نن.

سه‌یر له‌وه‌دا بوو، حه‌زم نه‌ ده‌كرد پاته‌و پات پێمه‌وه‌ دیار بێ ئه‌و مه‌راقه‌ دڵم ده‌بزێوێ، خه‌ڵقه‌كه‌ی ماڵه‌وه‌ش له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا كه‌ شاره‌زام بوون له‌ ڕوویان نه‌ده‌دام نه‌كا دڵشكستم بكه‌ن، به‌ڵام هه‌میشــه‌ یا عصمت به‌ به‌هـانـه‌یـه‌ك ده‌ی بردمـه‌وه‌ بن نوا هه‌تـا وشكی ده‌كـردمـه‌وه‌و گه‌رمی ڕاده‌هێنـامـه‌وه‌ بێ ئه‌وه‌ی پێم بڵێ ئاگاداری مه‌راقه‌كه‌مه‌ وه‌یا چوونه‌ به‌ربارانم بۆ خاتری پلووسكی ساردو سڕو بێ ئاگا له‌ منداڵی ژێر ناوه‌شێته‌وه‌. هه‌ر له‌ بیرمه‌ كه‌ ده‌مـدیت یه‌كێـك ته‌مـاشـام ده‌كـات له‌ كاتی سه‌رنـج كشانم بۆ ڕێــره‌وی پلووسكێــك، گورج چاوم له‌ پلووسكــه‌كــه‌ هه‌ڵـده‌ ئه‌نگاوت بۆ لایه‌كی دیكه‌. وه‌ها ده‌بوو بۆ تاقی كردنه‌وه‌ی زۆری وكـه‌مـی ئاوی دوو پلووســك ده‌هــاتــم دوو عه‌یــاره‌ی

چۆن یه‌كم له‌ یه‌ك كاتدا ده‌خسته‌ به‌ر ئاوی ئه‌و دوو پلووسكه‌وه‌: هه‌ر كامێكی زووتر عه‌یاره‌ی پڕكردبـایـه‌ ئه‌ویان پاڵه‌وان ده‌رده‌چوو به‌ زۆری له‌وه‌دا هاوزایــه‌كـم به‌ هانــام ڕاده‌گــه‌یــیــشــت بۆ ئه‌وه‌ی به‌ هه‌ردووكمان بتوانین له‌ یه‌ك كاتدا عه‌یاره‌كان بخه‌ینه‌ شوێنی مه‌به‌ست

بیـره‌وه‌ریـه‌كی به‌هــاتـویات و سه‌رو صه‌دای ته‌مه‌نی سه‌ره‌تای منداڵیم ئاهه‌نگی (سونه‌تانه‌) بوو. له‌كۆنه‌وه‌ وه‌ها ڕۆییشتووه‌ كه‌ سونـه‌ت كردنی نێـرینـه‌ له‌ حه‌وش وناو ماڵی ئێمـه‌دا به‌دیبوومه‌، له‌به‌ر ئه‌مه‌ هه‌ر چه‌ند ئاهه‌نگه‌كه‌ش بۆ حیسابی ماڵی ئێمه‌، بێت پێـویسته‌ له‌ ماڵێكی دراوسێ و ناسیـاودا بگـه‌ڕێ. داوه‌ت و پڵاو لۆغان وكه‌یفو شادی ئه‌و ڕۆژه‌ له‌ زه‌ینمدا نه‌قش به‌ستو بووه‌: من و صلاحی ئامـۆزام و چه‌نـد هاوزای دیكــه‌مـــان له‌ ماڵی جیـرانێكمـان (حـاجی فه‌قێ محمـد) كه‌ یه‌كێك بوو له‌وانه‌ی به‌ درێژایی عومر شه‌وانه‌ ده‌هاتنه‌ لای باوكم، درانه‌ ده‌ست وه‌ستاو حه‌كیمی ئه‌و ده‌مـه‌، له‌نێـو هه‌راو هه‌ڵـلاهه‌ڵلاو قیژه‌قیژی ئه‌وتۆدا كه‌ بیـری منـداڵ به‌خـۆیـه‌وه‌ خه‌ریـك بكـات له‌ ساوایی‌یـه‌وه‌ بۆ منداڵی به‌رێ كراین. هه‌ندێك له‌و منداڵانه‌ بێ ئه‌وه‌ی بكه‌ونه‌ ناو نوێنه‌وه‌ یه‌كسه‌ر له‌به‌ر ده‌ستی و وه‌ستاوه‌ ڕوویان كرده‌ كۆڕی گه‌مه‌و گه‌پی عاده‌تی‌ی ڕۆژێكیان. حه‌وزێی مه‌لا سبوح (مه‌لا سبوح ئامـۆزای باوكم بوو، ئه‌وسـا به‌رحـه‌یـات نه‌مابوو) نه‌ك هه‌ر بۆی نه‌كه‌وت، كه‌ گه‌ڕایه‌وه‌، ماڵه‌وه‌ كه‌وته‌ نێو حه‌وزه‌كه‌شیانه‌وه‌ كه‌ هه‌ر خوا ده‌زانێ چ جۆره‌ میكرۆبی تێدا ده‌ژیا.

صلاح و حه‌وێــزو ئیسمـاعیلی مه‌لا نووری (ئـه‌ویش كوڕی ئامــۆزای باوكـم بوو) له‌ من هه‌راشتــر بوون. صدیـقی كاك طاهــرو، وابــزانم، ڕه‌فیقی حاجی كه‌ریم (حــاجی كه‌ریم له‌ دایكرا برا گه‌وره‌ی كاك طاهر بوو) كه‌مێك له‌ من بچووكتر بوون.

له‌ نێو هه‌موویاندا من كه‌ ئاهه‌نگه‌كه‌ به‌ ئه‌ساس بۆ من بوو، ئازارێكی زۆرم له‌و سونه‌ت كردنه‌ دیت 40 شه‌وی بۆ كه‌وتم. له‌و به‌ینـه‌ ماڵـه‌كـه‌مـان هه‌میشه‌ وه‌ك كارێزه‌ بازاڕ یان خه‌سته‌خانه‌ بوو. براده‌ره‌ سونـه‌تكـراوه‌كـانیشم وه‌كـو خه‌ڵقی دیكه‌ ده‌هاتنه‌وه‌ ئه‌حــواڵ پرسیم. خه‌فــه‌تێكی ئه‌و ڕۆژانـه‌ی له‌ جێگـه‌دا كه‌وتم گه‌لێــك پتــر له‌ ئازاری چل ڕۆژیم به‌رده‌وام بوو: گرامــۆفــۆنی دۆستێكیـان هێنـابـوو بۆ خافـلاندنم، له‌ ده‌می نیشتنه‌وه‌ی ئازارم حه‌زم ده‌كرد گوێ له‌ قه‌وانه‌كانی بژاردم ڕابگرم. ئه‌وسا (منیره‌ مهـدیـه‌) به‌نـاوبـوو، منیش له‌و ته‌مـه‌نـه‌دا ئاشقی ده‌نگی بووم. مه‌راقم له‌ گرامۆفۆن داگرت و داوام كرد یه‌كێكم بۆ بكڕن.

هه‌تا له‌ جێگه‌دا بووم گرامۆفۆنی خوازراوه‌ ته‌سكینی ده‌دام، دوای هه‌ڵستــانـه‌وه‌م بۆ خاوه‌نی هه‌نـاردراوه‌، ئیتـر كه‌ڵێن كه‌وتـه‌ ئاره‌زۆمــه‌وه‌و به‌ تونـدی داوای گرامـۆفـۆنێكی مڵكی خۆم كرد. كاك طاهر لێم بووه‌ ده‌ركی مه‌مو زینان و هه‌زار به‌ڵگه‌ ئه‌و خه‌ڵقه‌ی ئیقنــاع كرد كه‌ كڕینی (صنــدوق) كارێكی نابـه‌جێیـه‌و پاره‌ به‌ فیڕۆدانه‌. لاله‌ مه‌سه‌له‌ی پاره‌ خه‌رج كردن كاك طاهر له‌ ماڵی ئێمــه‌ قســه‌ی ده‌ڕۆیشت چونكــه‌ وه‌كیلی باوكم بوو. سه‌ری خوێنه‌ر نه‌یه‌شێنم له‌و شه‌ڕه‌ گه‌ره‌كێیه‌ی كڕین و نه‌كڕینی (صندوق - گرامـۆفـۆن) كاك طاهـر سه‌ركه‌وت منیش وه‌ها دڵشكسته‌ بووم كاری له‌ گیانم كردبێ. ئه‌و كاك طاهره‌ له‌ باری دیكه‌دا وه‌ها جانفیــدا بوو بۆم سێ و دووی نه‌ده‌كـرد له‌وه‌دا گیــانی خۆی له‌ پێنـاومـدا بخاتـه‌ مه‌تـرسییه‌وه‌، كه‌چی له‌ ئاست 100 ڕوپیه‌ی نرخی صندوق لێم بووه‌ دوژمنی بابه‌ كوشته‌، مه‌سره‌فه‌كه‌ش له‌

کیس ئەو نەدەچوو. گەردەنی ئازاد بێ، هەرچەند لەحەد بەدەر خەفەتم خواردو ساڵەهای دواتریش باس دەکرایەوەو خەفەتی نۆیم لێ دەخواردەوە، ئیستاکەش لەو خەفەتە ڕەها نەبووم.

جارێکیان لەو تەمەنەی ساواییمدا وەختابوو لە ئاودا بخنکێم.

من و صلاحی ئامۆزام و حەوێزی مەلا سبوح لەسەر ڕۆخی حەوزەکەی ماڵی حەوێز بەریز هەڵتووتەکا بووین. صلاح لە نێوانمانـدا بوو. لە پڕ بێ ئەوەی پێشتر خەبەر دارییەك لە صلاحەوە مەعلووم کرابێ من و حەوێزی خستە ناو حەوزەکەوە. ئەوەنـدە وردو ساوا بووم نەتوانم لەو ئاوەدا پێ لە زەوی گیر بکەم و پەلەکوتکەی هاتە دەرەوە بکەم. صلاح دوای کەتنەکە هەڵاتبوو بێ ئەوەی کەس ئاگادار بکاتەوە لەوەی کردوویەتی. لە بیرمە، کە ژێر ئاو بووم وەهام دەزانی ئاو دەمسوڕێنێو سەرەوبنم دەکات بەڵام سەغڵەتیەکی وەهام بە بیردا نایەتەوە خەیاڵی مردنی پێوە بێ. خواو ڕاستان یەکێك بەرێکەوت دەبینێ لچکی جلکی منداڵ لە ئاودا دیارە. بە ڕاکێشانی ئەو لچکە دەزانێ مەسەلە چییەو من و حەوێزی لە ئاوەکە دەرکێشا، ئیتر بوو بە هەراو گریان و قەڵەباڵغی. لە بیرمە سەرەو ژێریان کردمەوە بۆ ئەوەی ئاوی هەناوم دەربدەمەوە. ئەوەشم لە بیرە کە یاعصمت لە باوەشی کردم گوتم کلی چاوم بەئاو شۆرا، دیارە تازە چاویان بەکل ڕشتبووم.

سەیری نێوانی مردن و ژین چەند تەنکە! چەند دەقیقەیەکی دیکە پێمان ڕانەگەیشتبان من و حەوێز بۆ دەرچووبووین. ئەم حەوێزە برایەکی لە خۆ گەورەتری ناوی مەلا نافیعە، ئیستاکە دووەم تەمەنـد درێژە لە جەلی زادەکانی کۆیە: لە هەموان بە تەمەنتر حسام الدینی مەلا ڕەفعەتی مەلا حەبیبە. بە بۆنەی ناو هێنانی حیسامودینەوە دیمەنێکی زۆر کۆنی بیرەوەری منداڵیم دێتەوە یاد:

مەلا ڕەفعەت، ئامۆزای باوکم، بە جەجێڵی کۆچی دوایی دەکات و دوو کوڕی لە پاش بەجێ دەمێنێ (حسام الدین وعمر). لە تەمەنـدا ئەم دوو برایە لێك نزیك بوون. دیارە بێ باوکی دەبێتە هۆی نەمانی چاوسوورکەرەوە لە بەیندا، ئیتر تۆران سەربە شەرە چەپەڵۆك دەگەیەنێ. ناوناوە، بە زۆریش لە دەمی جەمی سبەینـەدا، یەکێك لەو دوو برایە بە چاوی فرمێسکاوییەوە لە پڕ بە ژوور دەکەوت وشکاتی لە براکەی دیکەی دەکرد لای باوکم. من ئەوسا زۆر منداڵ بووم ئەو دیمەنەم وەکوو ڕووداوێکی عادەتیی گەرماو سەرماو باو باران دەهاتە بەر چاو کە هەر دەبێ بقەومێ. باوکم هەر جارە ساردی دەکردنەوەو شکاتی دەپرسینەوەو بەسەر دەسدرێژ کەردا دەچۆوە.

حسام الدین زوو ژنی هێنا: لەگەڵ ماڵی شێخ ڕەسوول، کە خاوەن تەکیەو ڕێو جێن لە کۆیێ، خزمایەتی بەست. لە ژن هێنانی خزمەکانم دووانم بە بیردا دێت کە جارێ زۆر منداڵ بووم، یەکیان ئەمەی کاك حسام الدین، ئەوی دیکەیان هی مەلا فەتاحی مەلا عیزەت کە ئامۆزای کاك حسام الدین بوو. لە بیرمە گرامۆفۆنیان لە ماڵی خاڵە عیزەت لێ دەدا (مەلا عیزەت ئامۆزای باوکم و خاڵی عبدالمقتدری برام بوو). لەو قەوانانەی دەنگیان لەبەر گوێم دەزرینگێتەوەو هەستی ئەو ساکەمم لە لە دڵی ئیستاکەمدا دەبزێوێ گۆرانیی (انا راضي وابوها راضي)ی صالح عبدالحي و (رسول السلم الى مصر) کە دەیان گوت هی کەلسومە، یەکێکی دیکەی میسریش بوو کە ئاهەنگەکەیم لە بیرە بەڵام هیچ وشەیەکی شیعرەکەیم لە بیر نەماوە. لەگەڵ ئەم قەوانانەدا قەوانی مەلا ئەهای کەرکوکی و سەید ئەحمەدو سەید ئەمینی مووسڵیش دەنگیان دەهات. نایەتەوە بەر یادم، ئەو دەمە، قەوانی کوردیم لە بەزمەکەدا بیستبێ.

دیمەنێکی دیکەی بیرەوەری منداڵیم، کە ئەویش وەکوو باو بارانی حەتمی هەر دەبێ ڕوو بدات، ئەوە بوو کە لە چەند مانگێکدا جارێکیان (سۆفی تۆفیق) ـ لە مریدەکانی بنەماڵەی شەدەڵە ـ بەخۆیو عەسای دەستیو ڕیشی درێژیەوە بە حاڵ و سەمای جەزبە گرتنەوە خۆی بە حەوشی دیوی حەرەمدا دەکردو چەرخە بە دەورەی ئەو دارو دیوارانەی دەکردو کەفی هەڵدەداو، یەك نەفەس و بەردەوام: (بە قوربانت بم مام مەلا، سەگی دەرگەتم مام مەلا، ئاگرم تێبەر بوو مام مەلا...)ی بە

دەنگی هەرە بەرزی دەگوتەوەو دەگریاو دەگەڕاو نازانم بڵێم چی دەکرد، باوکیشم بەسەر پێیانەوە سەبری لێ دەگرت هەتا سارد دەبۆوەو دەهاتەوە سەر باری ئاسایی، ئەوسا بەپێی عادەتی هەموو جارانی (مـووفـەرك)ێکی لە پۆشـاك، وەك سمرکـەوا سەڵتـە، کورتـەك، لێ وەردەگـرت و بەدەستـەکـانی‌دا دەنووسـاو بەدەم هەنیسکەوە بۆی دەر دەچوو. ئەم حاڵ و جەزبەی سۆفی تۆفیق یەکجـار کاری تێ دەکـردم و ماوەیـەکی درێـژ لە گەڵمدا دەژیا، دواتـریش کە هۆشم کرایـەوە ئاواتم دەخـواست کەوا کاشکی وەزعەکەم نەدیتایە چونکە لە دەروونمدا دەی هەژاندم و زامداری دەکردم.

ئەگەر بوێرم دەڵێم دیمەنی جەزبەی سۆفی تۆفیق ناوناوە لە خەومـدا لێم دەبـوو بە جۆرە کامـووسێـك چەنـد سانییـەیـەکی دەخـایـانـدو زۆری پێـوە سەغڵەت دەبـووم. ئەم شێوە کامووسە جودایە لە کامووسی عادەتی کە دەشێ دووچاری هەموو کەسێك بێت، خۆیشم لێی بەڵـەدەم. کامـووسی عادەتی لە وڕێنـەی تاداری دەکـات، هەرچی ئەمـەیـانـە بێ‌وڕێنـەیـەو وەسف ناکرێ مەگـەر ئەوەنـدەی کە بڵێم کەف و لەرزو هەڵسـووڕانی سۆفی تۆفیق تێـك بکـەوەو بیکـە بە شڵەژانێکی چەنـد سانیـەو بە مێشکتیدا تێ‌پەڕێنە پێ بە پێی هەڵکشانم لە تەمەندا ئەم جۆرە کامووسە بەرەو کەم بوونەوەوە ڕۆیی تا ئە ئەوەی بڵێم لە چەند ساڵێکدا جارێك دەیبینم یا نایبینم.

هەر لە بیرمە، زۆر بەڕوونیش بیری دەکەمەوە، یەکەمجاری کامووسی عادەتیم تووش بوو: ڕەمەزان لە زستاندا بوو، یەکەم ساڵیش بوو دەستم کردبـوو بە ڕۆژوو گرتن، شەوێکیـان دوای پاشێـو کردن نووستمـەوە لە شێـوەی خەونی ئاڵـۆزدا دووچـاری حاڵەتێك بووم لە هەناسە سواری‌و مشە وەشی‌و شڵەژان و ترس و تەنگـەتـاوی کەوا هەرگیـز پێشتـر دووچـاری نەبـوو بووم. کە حاڵـەتـەکـە بەسـەر چوو خەبـەرم بۆوەو دڵـەکـوتکەی تەنگەتاوی خەوەکـەم هەر پێـوە بوو. ئەوسـا هیـچ ناوێکم بۆ ئەو حاڵـەتـە نەبیستبـوو، فکـریشم نەکـردبۆوە لە هەبوونی حاڵەتی ئەوتۆیی. وەهام زانی خەونێکی زێدە ناخۆشم دیتووە، بەڵام نەمتوانی وەیا نەموێرا بخەومەوە لە ترسی هاتنەوەی خەونە ناخۆشەکە. دواتر کە خەڵق خەبـەریـان بۆوە خەونـەکـەم بۆ گێـڕانـەوە پێیان گوتم ئەوە کامووس بووە. دوای ئەم تەجرەبەیە بە زۆری کە ڕادەکشام بۆ نووستن ترسێکی کامووس لەگەڵمدا دەبوو بەڵام بەینێکی درێژ ی خایـانـد تا کامـووس دووەمم دیتـەوە. وردە وردە لە کامـووس ڕاهـاتم تاکـو وەهـا دەبـوو لە گەڵی بەخـەبەر دەهاتم و ئاگاداری هەمـو شتێـك دەبـووم وقسـەی خەڵق تێ دەگـەیشتم بێ ئەوەی بتوانم لە ژێری هەڵستمەوە. بۆ ئەوەی خەڵقەکە ئاگادار بن لێم و ڕزگارم بکەن ناڵەناڵم دەکرد. ئەگەر بە ناڵەناڵ سەرنجی کەسم بۆ نەکشابایە بە دەنگی بەرز ترەوە دەمناڵاند...

لە بیـرەوەری هاتـویـاتی فتـارەکانی ڕەمەزان کەوا جارێ ساوا بووم و ڕۆژووم پێ نەدەگیـرا بە چاکیم لە یادە کە ئێـوارەیـەکیـان ڕۆژ لە زەردەپەڕ بوو، دنیاش سارد، زڵۆبیەکم بردە سەربان بە دوو پەنجەی دەستی ڕاستمەوە بەرەو هەتاوم ڕاگرت، گۆیا سارد نەبێتەوە هەتا دەمی مەلا بانگ دانی ئێوارە بەڵام زۆرم خۆ پێ نەگیراو زڵۆبیەکەم خوارد...

صلاحی ئامـۆزاشم، زۆر لە ئێـوارەکـان، دەهـاتە ناو زارکی دەرگەی نێوان ماڵی مامم و ئێمە: لەو دەمەدا کە لەگەڵ باوکم خەریکی فتـار دەبـووین صلاح وەکـوو مەلای موئـەززین بانگی دەدا بەڵام چۆن بانگێـك؟ دەیگـوت «ئـەڵـلاهـو نەشـەد ئەڵلاهو نەشـەد». وشـەی (نـەشـەد)ی لە جێی (أشهـد) بەکـار دەهێنا، وشـەکـەشی لە ناوی (مـەلا نەشئـەت و صۆفی نەشئـەت)ەوە دەخـواستـەوە کە یەکـەمیـان خزمێکی خواڵێ خۆشبـوومـان بوو دووەمیشیـان ناسیـاوێکی گەڕەکـەکـەمـان بوو خەڵقیش بە (مەلا نەشەد، صۆفی نەشەد) ناویان دەبردن. بەهەمە حاڵ بانگەکەی هەمـوو ئێـوارەیـەك پاداشی لەگـەڵدادەبوو: باوکم لە فتاری سەر سینی تێشووی بۆ دەنارد لەو خۆراکەی کە بەلای منداڵەوە خۆش بێت و بانگی بۆ بدات، صلاحیش هەر ئەمەی بە ئامانج دەگرت لەو بانگ دانەی.

لە مونـاسـەبـەی یادی ڕەمـەزانی منداڵیم شتم بە بیر دێنەوە، بەڵام هەمووی شتی ئەوتۆن بەلای ساواوە سەرنج (ڕاکێش بێ:

ئێواران ئەگەر سامالْ بایە باوکم بەر لە ڕۆژاوا بە دە دەقیقەیەك دەچوە سەربانی ژوورەکەی خۆی ئەو ماوەیەی پێش بانگـ دانی ئێوارەی بە پیاسە ڕادەبوارد.

لەو بانـەوە گونبـەدی مزگـەوتی گەورە دیـار بوو. موئـەززینی مزگـەوت ناوی مەلا حەبیب بوو، لە شوێنێـك ڕادەوەستـا کە باوکمی لێوە دیار بێ. کاتێك (سواد) بڵند دەبوو باوکم دەستێکی لێ هەڵـدەتـەکـانـد، ئەویش لە جێگـەی خۆیـەوە جبەکـەی هەڵـدەتـەکـانـد بۆ ئەو تۆپچییەی لەبەر دەمی قشڵە بەسەر تۆپی ڕەمەزانەوە چاوە نۆڕی دەکرد ئیتر تۆپەکەی ئاگر دەداو فەرەحنایی دەکرایەوە.

ئەوسـا تۆپچی (عـەزە بەغـدایی)یـان پێ دەگـوت. جگە لە تۆپی فتـارو ڕۆژی جەژنـەکـان شەوی ڕەمـەزانـانیش لە دەمی پارشێـودا خۆیو هاوڕێیـەکی (ئـاغڵەب حەمـە عەبـۆ هاوڕێیی دەکـرد) بە شاردا دەگـەران و بە جووتـە تەپڵییـان لێ دەدا، هەر یەکـەیـان لە نەوایـەك. عەزە بەغـدایی تەپڵییەکی بچووکی بەبەر سینگییـەوە دەگـرت و بەهـەر دو دەست، ئەمی بە ئوستـادی، دەیکوتا. حەمـە عەبـۆ دەهـۆڵێکی زلی بەلاشـان و کەمـەریدا دەکردو بە دەستێك لەنگەری ئاهەنگی بۆ عەزە ڕادەگرت.

لە تەمەنی نێوان ساوایی و منداڵیمەوە، بە زۆری، لە دەمی تەپڵی پارشێـودا خەبـەرم دەبـۆوە، کە دەنگی تەپڵیو دەهـۆڵ لە گەڕەکـەکـەی ئێمـە نزیـك دەبـۆوە یەکێکم بە چراوە لەگـەڵـدا دەهـات و درگـەی دەرەوەیـان بۆ دەکـردەوەو عەزەو حەمە عەبۆ دەگـەیشتنـە بەر دەرگـەمـان: تاوێکی باش تەپڵیو دەهـۆڵیان بۆ دەکوتام تا لێی تێر دەبووم، ئنجا قامتە جگەرەیەکی کوردی بۆن خۆشـم دەدانـێو دوعـاخـوازیمـان لە یەکـدی دەکـرد. ئەو پێـوەنـدییـەکی دەمی پارشێـو لە بەینمـانـدا هەتـا هەر دوویـان بەرەحمەتی خوا چوون.

هەرگیـز لە بیـر ناکـەم، شەوی وەهـا دەبـوو زوو بەخـەبـەر نەدەهاتم، کاتێك خەبەرم دەبۆوە گوێم لێ دەبوو تەپڵیو دەهۆڵ بە عادەتی شەوانی پێشوو لەبەر دەرگەمان دەنگیان دێت وەك کە خۆم لەوێ بم. بە پەلـە بۆیـان دەچـووم و (تعـارف)ـمـان بەجێ دەهێنا، وەهاش دەبوو بەخەبەر نەدەهاتم ئەوان فەرمانی خۆیان هەر بەجێ دەهێنـا ئنجـا سووری تەپڵی لێـدانیـان تەواو دەکرد. شەوێکی باران و ڕەهێڵ بوایە تەپڵی لێدان بەکۆڵاناندا نەدەشیا بە تایبـەتی لەبـەر ئاوی پلوسکـان کە خۆ لێ پاراستن و دەهـۆڵ لێ شاردنەوەی وەزەحمەت دەکەوێ. لەو تەرزە شەوەدا عەزە لە کەمـەری دەوری گونبـەدی مزگـەوتی گەورە دەگـەڕاو دەیکـوتـا، منیش ئەگـەر بەخـەبـەر بامـایـە خەیـاڵم بۆی دەکشـاو بەیـادی شەوەکانی دیکە گوێم لێی دەگرت.

عەزە بەغـدایی وەك بەنـاوەکـەیدا دیـارە، عارەب و بەغدایی بوو. ڕەنگی ڕەشتاڵەو بالای کورت بوو، وتوویژیشی پێوەی دیار بوو کە فێری کوردی بووە. لە زۆر وردە کەسب و کاردا شارەزا بوو، وەك کە دیـتـمـان تۆپـچـیو تەپـڵـێ زەن بوو. ڕۆژی کە بووك بۆ کاکـە زیـادی حەمـاغـا گوێـزرایـەوە، عەزە بەغـدایـی دەسـت ڕەنـگینییـەکی جوانی نوانـد: ئەوسـا من لەسـەرەتـاکـانی خوێـنـدنمـدا بووم و بە چاوی منـداڵیم سەیری مەهارەتەکەی عەزەم دەکرد. ناتوانم بە تەواوی وەسفی چۆنیەتی ئەو مەهـارەتـە بکـەم بەلام ئەوەنـدەم لە بیـرە کە عەزە لە پێش ولاغی بووکـەوە لە ژێـر تارایـەکی تاڵ و سووریـان و بەرینـدا بەسەر ئەسکەلەیەکی دارینەوە کە لە ژێر پەردەدا بەچاو نەدەبیترا مەقـەسـەی دەکـرد هەر دەتگوت سواری جانەوەرێکی ئەفسانەیی بووە، مچەی حەبە تۆزەش (خەڵقی سلێمانی بوو لەکۆیێ پێیان دەگوت مچە ژنانی) جلکی ئافرەتانی لەبەر کردبوو، بە ڕەقس و چەغانە لە پێشاپێشەوە بەرەو ماڵی زاوا دەهات ئاپۆرەی بینەرانیش لەم بەرو ئەو بەری ڕێگەی دەسـتـەی بووك گوێـستینـە هەر لە ماڵی کەریم اغـای مەلا وحیـد اغـای حەوێـزی هەتـا ماڵی حەمـاغـای غەفـووری وەك بیشەلانی تێك هاویشتوو کەڵەکەیان بەسەر یەکەیدا دەکرد. بەزم و ئاهەنگی ئەو شاییە دە ڕۆژەکی خایـانـدو گەلێـك لە سوارو پیـادەی عەشایرو دەشتو دەری کۆیەو ڕانیـەو خۆشنـاوەتیش تێیـدا بەشـدار بوون وئێـواران ڕمبـازێ و جلیتبازی لە مرواری بەر (دەرکی گەروو سۆرك) دەکرا. لەبیرمە ئێـوارەیـەکیـان بە دیـار غارێنێو ڕمبـازی سوارانەوە لەگەڵ چەند

کەسێکی خۆمان راوستابووم، دیتم سوارێکی عەشیرەتی جلیت بەدەست ولاغی تاو دابۆ لای شەفیقی عەولاغای حەویزی کە ئەوسا لە سوارە هەرە ماهیرو شیرینەکانی دەوری خۆی حیساب دەکرا گەنجێکی زێدە بەرچاوو قۆزیش بوو. شەفیقاغا بە پێی دەستووری جلیتبازی ولاغەکەی خۆی خستە غارو رووشی وەرگێرا بۆ لای کابرای جلیت بەدەست. کابرا جلیتی حەواڵەی لای شەفیقاغا کرد، ئەویش هەوڵی دا جلیتەکە بقوزێتەوە بەڵام دەست و قامی کابرای جلیت هاوێژ راستی نەهێناو جلیتەکە مەترو نیوێك لە شەفیقاغا دوور رەت بوو. شەفیقاغا بۆی هەبوو باداتەوە سەر غەریمی خۆی بەڵام وابزانم تێبینی لەوەدا کرد کە کابرا مێوانەو خاڵە بەخشی کرد. من ئەم دیمەنەم بە چاکی لە بیرە، واش دەزانم لەو شاییە بوو کە بۆ ئاهەنگی ژن هێنانی کاکە زیاد دەگەرا، ئنجا ئەگەر لە بیرکردنەوەدا بە سەهوو چوویێتم نازانم بڵێم لە چ ئاهەنگێکی دیکەدا بووە چونکە لەو تەمەنەمدا بەزمێکی دیکەی وەها بە هاتوبات نایەتەوە بەر یادم.

بەهەموو حاڵ ئەم دیمەنانە هی سەرەتای قۆناغی دوای ساوایمیە، لەووشدا عەزە غدایی پشکێکی بەرچاوی هەیە، مچەی حەبە تۆزەش یەکێکە لەو کەسانەی وێنەیان لە ئاوێنەی هەستی ساوایمیدا نەقش بەستوو بووە چونکە بەزۆری سەردانی کۆیەی دەکردو بەپێی مەیلی ژنانەی هەمیشە لە مەجلیسی ژنە خاوەن ماڵ و حاڵەکانی ئەوسادا خزمەتگوزاریی بەجێ دەگیاندو هەر جارەش خەبەراتی ژنە ناودارەکانی سلێمانیو کەرکوك و هەڵەبجەی. وەك نەشرەی ئەخبار، بەو مەجلیسانەدا بلاو دەکردەوە. هاتو چۆی بۆ ماڵی ئێمەو ماڵی مامم بەر دەوام بوو، تەنانەت جارێکیان لەگەڵماندا هات بۆ سەردانی حەمام جەلی، لە گەرانەوەشدا بە درێژایی رێگا گۆرانی بۆ گوتین و چەغانەی لێدا. بەسەر پشتی ولاغەوە. ئەو جارەیان مامم و خاڵە عیززەت لەگەڵدا بوون، منیش لە پاشکۆی کاك طاهری حەمە لاڵ سواری ماینە بۆرە بووم کە لە خالانمەوە بەدیاری بۆم هاتبوو، مەبەستیش خالوانی پژدەرە. لە هەولەوە ئەسپێکی گوڵرەنگی قەشەنگم لە شێخ حەسەنی جاجی سەید گوڵ، ئامۆزای دایکم و زاوامان، بۆ هات. . دواتر باوکم ئەسپەکەی بۆ هەناردنەوە بە نیازی ئەوەی لە شوێنی ئەودا ماینێکم بۆ بنێرن، ئیتر ماینە بۆرە، کەدەتگوت شیری سپییەو وەك پەیکەری وەستایەکی هونەرکار خرو خۆل و قەشەنگ رەوت و غاری دەکرد، لەجێی ئەسپە شێ بۆم بوو دیاری. ئەو رۆژە کە لە حەمام جەلی دەگەراینەوەو مچەی حەبە تۆزە گۆرانیو چەغانەی لە کاردا بوون کاك طاهیر جڵەوی بۆ ماینە بۆرە بەرەڵلا کردو بەمەودا پێش قافڵەی حەمام چییان کەوتەو، بەڵام لەرێگەیەکی هەڵەوە رۆیی. . چەندێکی جەماعت لە دواوە بە پلارو دەنگی بەرزەوە گۆرانی (هـۆی خاڵی رێبوار، رێم لێ گۆراوە)یان بە دوادا ناردین کاك طاهیر لێی نەبیستن ئەوانیش گۆرانیەکەیان بە (رێت لێ گۆراوە). دوای هەڵەبوونێکی مزرۆکە ئنجا هاتینەوە سەر راستە رێگای چناروك.

ساوایم و حەمەدی رەش

دەنگوباسی حەمەدی رەش داستانێکە بۆخۆی. راستیەکەی بەسەرهاتی ئەم کەڵە دزە بێباکە نەترساوە شیاوی سەرە باسێکی سەرەخۆیی درێژە داری بەوردەیە. من لێرەدا تارماییەکی رووداوی شەقاوەتەکەی حەمەدی برایم رەش باس دەکەم کە لەگەڵ بیرەوەریی تەمەنی شلکی ئەوسامدا بگونجێ، دەرفەتیشم نیە لە بەغداوە بۆی بچمەوە کۆیێ بە پرسیو تۆژینەوە رەگوریشەی ژیانی بۆ بەر رووناکی دەربکێشمەوە.

حەمەدی رەش فەقێ بوو. لە ساوایمدا بەبێنیك لە مزگەوتی حاجی مەلا ئەسعەدی خوێندوومو زۆر جاران ئیش و کاری بەر دەستی پووری گەورەم یا فەخرەی کردووە. دەیانگوت وەکوو خوێی هاتوچۆی ماڵ و مزگەوتی دەکرد. من بە بیرمدا نایەت بە زیندو ووەتی دیتبێتم، باشتریش ئەوەیە بڵێم وێنەیم لە یاد نەماوە. بە رواڵەت فەقێیەکی شەرم بەخۆو چالاك بووە، دواتر دەرکەوت گورگ بوو لە پێستی مەردا.

شەوێکی هاوین، ماڵمان لە چناروك بوو، بەڵام من بەرێکەوت لە کۆیێ لای باوکم بووم. لەبەر منداڵیم هێشتان مەجلیسی باوکم قەڵەبالغ بوو من نووستم. کاتێك خەبەرم بۆوە شەو وەکوو رۆژی لێ

هاتبوو لەبەر زۆری چراو هاموشوکەرو دەنگوبەنگی قەوغای ماڵ و کووچەو کۆڵانەی دەورمان. ئەو دەمە جۆرێك سەبرهاتنەوەو رامان و شڵەژانێکم هەست پێکرد، دواتر بۆیان باس کردم چ رووی داوە.

پاش هەڵستانی مەجلیس مەلا عیزەتی ئامۆزای باوکم و مامەی وەستا بە فورەی شەوانەی خۆی لای باوکم دەمێنەوە، یاریدەرەکانی دیکە چوبوونەوە بۆ ماڵەکانیان. دوای داخستنی دەرگەی دەرەوە، لەسەر بانەوە مامەی وەستا برایم رووناکییەکی دێتە بەر چاو لە ژوورێکی نزیك دەرگای دەرەوە بۆ ماوەی تروکەیەکی چاوگەش دەبێتەوەو نامێنێت. بە باوکم و خاڵە عیززەت دەڵێ ئەگەر چاوم رەشکەو پێشکەی نەکردبێ زەلامێك لەو ژوورە خۆیو حەشار داوە.. خولاسە بۆی دەچنە ژوورەکەوە، کابرایەك دەر دەپەرێ بە خۆیو دیواربرێکی گەورەی ئاسنەوە. مامە لە دواوە باوەشی پێدا دەگرێ، بۆی زەوت ناکرێ. کابرا کە دیتی دەرگا پێوە دراوە خۆهەڵەکوتێ بۆ سەربان، مامەی بەسەر پشت وکوڵەوە. چەند پێچکەیەك لە قادرمەکان سەر دەکەوێ باوکم هەر دو قاچی رادە کێشێو دەیهێنێتەوە بۆ حەوشە. مەلا عیززەت دیوار بڕەکەی دەکەوێتە بەر دەست تا تینی هەبوو لە پشتی مامەی راکێشا بوو. مامە هاوار دەکات و کابرای لە دەستان بەر دەبێ.. سەری خوێنەر نەیەشێنم خەڵق بەدەنگەوە هاتن و کابرایان دەردەست کرد، ئەویش هەر خەریك بوو رووی خۆی بشارێتەوە تاکوو مۆفی نەشئەت دەیناسێتەوە دەڵێ: کاکی رەش ئەوە تۆی؟ ئیتر عالەم رژانە ناوە، حکومەتیش خەبەری بۆوەو حەمەدی رەشیان بردبوو بۆ سەرا. لە رێگەی بەرەو سەرا مەلا فەتاحی مەلا عیززەت لەو دەمەدا کە حەمەدی رەش بە دەست خەڵق و پۆلیسەوە شەق و زللەدایە نوکتەی بۆ دێت و دەڵێ: فەقێ حەمەد ئەزێ (ضَربَ زیدٌ عمراً) تەرکیبی چییە؟

دەیانگوت حەمەدی رەش لەو شەوەدا رقی هەڵگرت لەو کە سانەی بە لێ دان و شکاندنەوە زۆریان دەسدرێژی لێ کردبوو، لە ساڵانی دواتردا ئەو رقەی خۆی هەڵرشت وەك کە بە کورتی لە بارەیەوە دەدوێم.

کە ژوورەکەی دەگەڕێن چەند چشتێکی دزراوی تێدا دەدۆزنەوە کەواتا ئەو دەمە نەزاندارا بوو کێ دزیونی، یەکێك لەو شتانە سەعاتی مفتشی معارف بوو کە لە قوتابخانەی سەرەتایی بەشەو دوای خەوتن لێی دزرابوو.. حەمەدی رەش تەنها دانی بەوەدا هێنابو کە بە نیازی دزی بۆ ماڵی ئێمە هاتبوو، شتەکانی دیکەی ئینکار کردبوو کەوا بەدزین دەر دەستی کردین: گوتبووی لە کۆڵانەو نازانم کوێ دوزیمنەتەوە. باوکم لە حەقی شەخسی خۆی خۆش بوو، لە ئاکامدا بە چەند مانگێك حوکم کۆتایی بە موحاکەمەی هات..

چەند ساڵێك بەسەر ئەم رووداوە دا تێپەری، حیکایەتی حەمەدی رەش کۆن بوو. من گەیشتبوومە تەمەنی خوێندن: دەمەو هاوین باسی دزرانی ماڵی فلان و فلان بە شاردا بلاو بۆوە. چەند شەوێکان خەڵقەکە بێ باك بوون بە خەیاڵی ئەوە کە دزین هەر هەبوەو هەر دەبێ.

بەڵام مەسەلەکە لە حیسابی عادەتی تێپەری کرد: شەوانە چەند ماڵێك دەدزران بێ ئەوەی کەس هەست بەدز بکات. حکومەت دەورییەی دەنگە دان، خەڵقیش بە هەستەوە گورگە خەوەیان دەکرد. لەگەڵ ئەمەشدا بۆ سبەینە دەزاندرا کە 4 ـ 5 ماڵ یان دزراون. بە درێژایی شەو فیفرەی پاسەوانان لە کۆڵانە دەنگی دەهات خەڵقیش لەسەر بانان ئاو دەنگی یەکدییان دەکرد کەچی بۆ سبەینە 6 ـ 7 ماڵ مەعلووم دەکرا کە دزراون. دەڵێن لێ هەڵگیرابوو، منیش لەو تەمەنە دا وام بە بیردا دێت گوێ بیستی ئەو هاتوباتە دەبووم، بەڵام ترسم رێ نەدەنیشت چونکە ماڵمان لە چنارۆك بوو من هەمیسان بە رێکەوت ئەو هاوینەش لە کۆیی لەگەڵ باوکم بە سەرم دەبردو بەشەو دەو وبەرمان قەڵەباڵغ بوو لەوانە نەبووین دز تەماعمان لێ بکات.

ئەوسا جەمیل ئاغای حاجی ئەسعەد اغای حەوێزی قائمقام بووە یەکێك لەوانەی ناحەزی بوون نامەی نووسی بوو بۆ رۆژ نامەیەکی بەغدا و ئەو بارە ناله بارەی کۆیەی تێدا باس کردبوو تاوانەکەشی لە مل کەمتەر خەمیو بێ باکیی ئیدارەی قەزا پێچا بوو. کە ئەم خەبەرە لە رۆژنامە بلاو بۆوە ئیدارەی هەولێر و کۆیی پێی سەغڵە تر بوون: پاسەوان و دەورییەی شەویان زیاد کرد، هەستیش بەوە دەکرا کە ئەم دزە، یان ئەم دزانە، بەر لەبیانی شار جێ دەهێڵن بۆ دەرەوە، ئیتر لە پاش عیشاوە دەستەیەك لە

تفەنگچی لە زارکی هەر کۆلانەیەکی بۆ دەرەوەی شار دەر بکات خۆیان دادە نوروساند، پاسەوان و دەورییەی عادەتیش لە گەڕان و سووڕاندا دەبوون هەتا سبەینە. شەوێکیان لەگەڵ تەقەی دەسڕێژی تفەنگ خەبەرم بۆوە، هەستیشم کرد خەڵقی سەربانەکان کەوتنە پرس و گفتوگۆ لەگەڵ یەکدیدا، پاسەوانیش وەکوو تەتەر بەکۆلاناندا دەیانچرپاندو فیفرەیان بە دەنگ دەهێنا. من خەوم لێ کەوتەوە. سەبینە بەر لە ڕۆژ هەڵات هەڵستام وگوێم لێ بوو خەڵق بە تێکرایی لە باس کردنەوەی تەقەکانی شەو بوون. هەر لو قسانەیاندا بیستم کە حەمەدی ڕەش بەر ئەو تەقەیە کەوتووەو مەیتەکەی لە حەوشی سەرا فڕێ دراوە. یەکسەر چووم بۆ حەوشی سەرا: یەکەم جار بوو چاوم بە سەرو سیمای مردووی بێ هەناسەی حەمەدی ڕەش بکەوێ. قەوارەی برینی گوللە لە دەندەڵەی سینگی دیار بوو، چاکەتێکی پۆلیسیانی لەبەر بوو، پڕی باغەڵەکەی سەر سینگی تۆچایە بوو، لای دامەنی چەرچە فێکی پێدا درابوو چونکە لە کەمەری بە رەژێرەوەی ڕووت بوو، قەیتانی فیفرەشی بە فیفرەوە لە ملدا بوو تومەز هەموو شەوێک بە جلکی پۆلیسان دەگەڕاو کە پاسەوان و دەورییەی لێ نزیك دەبوونەوە فیفرەی بۆ لێ دەدان وەك کە خۆی پاسەوان بێ، تفەنگیش بەشانەوە دەبوو وەکوو پۆلیس وپاسەوانەکان.

ئەو شەوە چەند ماڵێکی بڕی بوو. بەر لە فەجر لەگەڵ هاوڕێکانی بەرەو دەرەوەی شار دەڕوات. بەڕێکەوت ئەو شەوە لەو ڕێگایەوە بەرەو دەرەوە دەڕوات کە دەکەوێتە لای دەباخانان و حەمامی پیسکان بۆ سەر پردی ناو ڕەزەکان شۆڕ دەبێتەوە: تاقمێك لە پاسەوانی تفەنگچی کە لە ناویان پیاوی تایبەتی جەمیل ئاغای هەبوون، بەتەنیشت حەمامەکەوە خۆیان پەنهان دەکەن و بێ سەداو دەنگ چاوە نۆڕی ڕێکەوت دەبن. کاتێك حەمەی ڕەش و جەماعەتەکەی دەگەنە بەر لوولە تفەنگی ئەو ئیشکچییانە دەنگیان دەدەن، حەمەد تفەنگێکیان لە باڵ دەکات ئەوانیش دەسڕێژی لێ دەکەن تەقە دەبڕێتەوە بێ ئەوەی بزانن کەس بەرکەوتووە یان نا. پاش بەیان ئیشکچییەکان دەگەڕێنەوە بۆ ناو شار. ئەوساش مەعلووم ناکرێ چی ڕووی داوە، هەتا ڕێبوارێك لە ڕانیەوە دەگاتە ئەو شوێنەی تەقەی لێ کراوە دەبینێ کوژراوێك کەوتۆتەوە ناو جوگای بەر ڕێگەکەوە ئیتر خەبەر بە حکومەت رادەگەیەنی و مەیتەکە دەبەنەوە بۆ سەراو دەزاندرێ حەمەدی ڕەش کوژراوە. هاوڕێیەکی حەمەدی ڕەش ناویم لە بیر نییە بریندار دەبێ و بە خوێنەکەیدا دەچنەوە تا مەیتەکەی لە بناری شاخی چنارۆك بە دیوی کۆیەدا دەدۆزنەوە. ئەمیان سەر بە جەماعەتێ کوێخا خدری هۆرمزیار بوو کە بەخۆی و چەند ماڵێکی خزمیەوە لە (کانی کەند)ی سەربە چنارۆك ئێمە دەژیان. لە تەحقیقاتدا دەرکەوت حەمەدی ڕەش لەگەڵ ئەم تاقمە ماڵەی کانی کەند ڕێك دەکەوێت و مەکۆیان لە گردێکی بناری چیای چنارۆك بەسەر کانیەکەوە دەبێت. ئەو گردە ئێستا پێی دەگوترێ گردی حەمەدی ڕەش، کانیەکەش هەر بەوەوە ناو دەبرێ. ماڵێکی بە دزین دەستیان کەوتبایە لەو نامەدا دەیانشاردەوە. کە لێیان قەوماو مەکۆیان دۆزرایەوە کەمتاکورتێکی ئەو ماڵە گەیشتەوە دەست خاوەنە کانیان. کوێخا خدر بە خۆی و حەسەنی کوڕی و کەسانی دیکەشی گیران و حوکم دران بەڵام نازانم چەندو چۆن: هێندەم لە بیرە هاوینێکی دواتر ماڵمان لە چنارۆك بوو کە کوێخا خدر ماوەی حوکمەکەی بەسەر بردو گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی لە کانی کەند: کە بەلاماندا تێپەڕی دیتم ڕەنگی لە چاو هی پێش حەبس بوونی وەکووو شەعریی زەردە لێ هاتبوو تومەز لەو ماوەیە دا کەمتر لە جاران کەوتبوە بەر هەتاو. زۆریشی نەبرد بەسەر دا مرد. حەسەنی کوێخا خدر دوای باوکی گویستییەوە بۆ بیتوێن. لە کوژرانی کەمالی جەلال صائب. قائمقامی ڕانیە، تۆمەتی بۆ چوو و نەختێکیش گیرا بەڵام حوکم نەدرا. ئەویش زوو مرد، کچێکی (ئەستی) ناوی لە دوا بەجێ ما لای زڕ نەنکی لە کانی کەند، مایەوە:

هتا دنیا دنیابێ دەنگ نییەو نەبوە وەکوو دەنگی ئەستی بالۆرەی گوتبێ: جۆرە زەنگوڵەو هێنان و بردنێکی دەکمەن و تایبەتی لەو دەنگەدا هەبوو بالۆرەی بەرەو بەرزاییەوە دەبرد. ئەویش بە جحێڵی مرد.

حەمــەدی ڕەش جگـە لە سوود وەرگـرتن لە جلك و فقیـرەی پۆلیـســـان بۆ شوێن بزری، لە نوێنـەکـانی شاریش بە مرادی وزویـەتی دەگـەیشت: بەشێکی زۆری ئەو نوێنـانـە زەلامیان تێرا دەرۆیشـت، لەوە دەیتــوانی لە دەمی سەغڵەتیــدا خۆی تیـدا بشــارێتــەوە. وەهــا دەبـوو لە ماڵێکـەوە بۆ ماڵێکی دراوسێی بە نوێنــدار هاتــو چۆی دەکــرد: لە هەر کامێکیـان لێی بەدەنگە هاتبانایە بەو نوێنەدا دەچوە ماڵەکەی دیکە وەیان بەولاوەتریش، بە ئاســانیش دەیتــوانی لەو تەرزە ماڵانـە دا بە یەك شەو چەنـد ماڵێك بدزێ.

لە لایەن تۆڵەستاندنەوە لەو کەسانەی کە لە شەوی دەردەست بوونی ئازاریاندابوو وەیا سووکایەتییان پێ کردبوو، وابزانم تۆڵەی خۆی لە هەموان ستاندەوە و یەك یەك ماڵەکانیانی بە تالان برد، لەگـەڵ هەنـدێکیـان هەڕەشـەو تۆقـانـدن و سووك کردنیش بەکار هێنابوو بۆ ئەوەی خۆیان لێ ئاشکرا بکات.

هاتـویـاتی حەمـەدی ڕەش دەوری 40 شەوێکی ئەفسـانەیی خایاند: لەو ماوەیە دا وەکوو مۆتەکە لە پەردەی مێشکی هەموو هۆشـدارێـك لە شاری کۆیێ بە نامـۆیی و نەنـاسـراوی چەسپ بوو. لە پاش ماوەی دوای مەرگـی دوو شت بەجـێ مان، یەکێکیـان بێـوەژنـەکـەی بوو کە من لە دەمی کوڕانی دا جارێ نەمـدەزانی ژنی هێنـاوە، دواتـر بیستم بێـوەژنی حەمـەدی ڕەش شووی کردۆتەوە بە (ئاغا کوڕ) کە بۆرە پیاوێکی چاو کزی کۆیی بوو. جگـە لەوەی کە ئاغـا کوڕ بەو ژنــەوە ناوی دەنــاســرا مەهــارەتێکیش هەبــوو هەر لەوەم دیتــوە: لەگــەر هەنـاری بە دەستێکەوە دەگرت و بە ددان و زار خەریکی خواردنی دەبوو بێ ئەوەی یەك دەنگی لێ بڕژێ.

من چەندین جار ئەمەم لێ دیتوە هەرگیز دەنگی بەرنەبۆوە.

پاش ماوەی دووەمی ئەو مەکۆ و گرد و کانیە بوو کە لە دەمی دزینـدا کردبـوونی بە حەشـارگـە. من و برادەران زۆر جار بۆی دەچـووین و لێـرەو لەوێ ژێـر ئیستیکـان وکـەچکـە چایە و شتی ئەوتــۆییمــان لێ دەدیتــەوە. لە سەرووی گردەکـە دار مازوێـك هەبـوو، لەژێـریـەوە دانـەشـاخی زل سەریـان تێـك نابـوو، لە کەلێنێکـەوە بەنـاویـاندا سەرەژێر دەچووین بۆ وێنە ئەشکەفتێ بچـووك کە دانـە شاخـەکـان بۆی ببون بە سەربان و بنمیچ. لە ڕووکـاری بەرەو ژێـری گردەکـەوە بایی ئەوەی تفـەنگچی نیشانە بگرێ کونێکی بچووك ساو درا بوو بەسەر سێ لای گردەکەدا زاڵ بوو بە جۆرێك کەس نەتوانێ لێی نزیك ببێتەوە. ئەو قایمە کارییەش شتێك بوو لە مەهارەتی دزانەی حەمەدی ڕەش دەوەشایەوە.

یادی حەمەدی ڕەش دەبێتەوە کۆتایی ئاڵقەی سێیەمی ئەم زنجیرەیە.

دەڵێن: عنـد ذكـر الصـالحين تنـزل الرحمة. خوایە تۆش بە گەورەیی خۆت ڕووڕەشیی حەمــەدی ڕەشمـان لێ بکـەیت بە شەبەقێ کازیوە کە مۆژدەی ڕۆشنایی و هێنانی ڕادەگەیەنێ.

(1) دواتر لە ئاڵقەکانی ئایندەدا باسی بنەماڵەی شێخ کەریم دێت.

(2) حوێز کوری نجم الدين و نەوەی وەستا محيى الدينە. ئەو وەستا محيى الـدينـە لە گرانیـەکـەی 1917 پاسەوانی قەیسەری کۆن بووە. شەوێکیان دەستەیەك لە مرۆی بێ ئینساف بە نامەی پێداویستی کفن بۆ مردوو دەرگـای قەیسـەریـەکـەی پێ دەکـەنەوەو سەری دەبڕن، مێرد منداڵـەیـەکیشی لەگـەڵـدا دەبێ چەنـدێکی لە بەریان هەڵێت و لێیان دەپـارێتـەوە دادی نادات، ئەویش سەر دەبـڕن. چەنـد دوکـانێـك لە قەیسـەری تالان دەکـەن. هەر لێـرە هەتـا برانـەوەی دنیـا لە عنەت لە ڕۆحی زۆردار و خوێنڕێژ بێت.

(3) مەلا عەبـدوڕڕەحمــانی کاکی جەلی 4 برای لە خوشکێکـەتری هەبـوە. لەمـانـە برای سێـیـەم (مـەلا مەحمـوود) باپیرە گەورەی تیرەی ئامـوزا محمـد بووە. برایـەکـان چووە بۆ شام و بۆتـە مریـدی مەولانـا خالد و کچە برای دەخوازێت و لەقەبی (داماد) وەردەگرێ.

تێ بینی: لە ئاڵقەیەکی پێشوو تردا باسی حەسەنی مام فەتاحی (پێ بازۆك) هاتبوو. دواتر زانیم لە 1985/1/13ز. کەچی دوایی کردووە.

حەسەن بەناوی فەتاحی مامیەوە هەڵدەدراوە، باوکی ناوی عبدالله بووە. دوو کوری دیکـەی کەوتنـە دەشتی دزەییـان. حەسـەن وەچـەی وزۆری لە کچ و کوڕ لە پاش بەجێماوە. من سەرە خۆشیم لە کوڕە گەورەی، عبدالله، کرد.